# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

**ژمارە: ٣٧**

پووشپەڕی ١٣٩٤



فایلی ژمارە:

## پێگەی کورد لە ستراتیژیی نێودەوڵەتیدا

# تیشک

**گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی‌یە**

**کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەری دەکا**

**ژمارە: ٣٧**

**پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی**
**جۆلای ٢٠١٥ی زایینی**

# تیشک

ژماره: ٣٧

گۆڤارێکی سیاسی . رۆشنبیریی گشتیيه
کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەری دەکا
تایپ: شەماڵ مەحموودی – ئاسۆ ساعدی

گۆڤاری «تیشک « تەنیا لە بەرامبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی «گۆڤاری تیشک»ەوە بڵاو دەبنەوە.

## فایلی ژمارە:

## پێگەی کورد لە ستراتیژیی نێودەوڵەتیدا

لەم ژمارەیەدا:


وتەی ژمارە ........................................................................ ٥
پێگە و بنەماکانی وەرگرتنی پێگەی نێودەوڵەتی .................. ١١
هەڤپەیڤین لە گەڵ نووسەر و رووناکبیر غازی حەسەن ..... ٢٣
کورد لە ستراتیژیی رۆژئاوا دا ..............................................٣١
داهاتووی کورد لە ستراتیژیی وڵاتاندا .................................. ٤٥

خوێنەرانی بەڕێز:
فایلی ژمارەی داهاتووی گۆڤاری «تیشک» تایبەت دەبێت بە
« شێوەکانی خەبات لە کوردستانی رۆژهەڵات»، تکایە باس و
بابەتە پەیوەندیدارەکانتان بەم تەوەرەوە لە رێگای ئیمەیلەکانی
«تیشک»ەوە بۆمان بنێرن.

E-mail: tishk_mag@yahoo.com
tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# کورد و
# هەوڵدان لە گەڵ کێشەی خۆی

سەربەست ئورمیە

گەلی کورد و  هەموو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ خاوەن دەوڵەت بن چ ژێر دەستە، ناتوانن لە ئالوگۆر و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەیی و جیهانیی پەیوەندیدار بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە حسێب لە سەر کراو نەبن.  بە تایبەتی کە لە سەدەی رابردوودا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی قەیرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە و پرسی کورد چ وەکوو نەتەوە و چ وەکوو هێز، هەمێشە یەکێک لە قەیرانە باس هەڵگرەکانی ئەم ناوچەیە بووە، بە تایبەتی لە بواری ژئۆپۆلێتیکەوە.
ئەم کێشە و هاوکێشانە چ لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەوە بن(بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستان بە سەریاندا دابەش کراوە)، چ لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی دەرەوەی ناوچەوە یان هاوبەش بن لە نێوان زلهێزەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکاندا، بێ گومان گەلی کورد وەکوو فاکتەری سەرەکی دەکەوێتە بەرباس. ئەویش یەکەمجار لە بەر هەڵکەوتەی ژئۆپۆلێتیکی کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دواجاریش دابەش بوونی کوردستانە بە سەر چوار دەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا کە دەتوانین بڵێن لە سەر شاڕێی پەیوەندیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەڵکەوتوون. بەڵام لە هەموو دانوستاندنەکاندا و بە بێ بەشداری پێکردنی گەلی کورد، بەداخەوە  هەمێشە پرسی گەلی کورد تەنها  وەکوو ڕاگرتنی پارسەنگ لە نێوان لایەنەکانی دانوستاندا هەڵسوکەت لە گەڵ کراوە بە بێ ئەوەی هیچ ڕێگایەکی چارەسەری بۆی دۆزرابێتەوە. یان ڕێگا چارەسەرەکان لە بەرژەوەندیی لایەنەکاندا لە سەر مێزی دانوستانکاران گڵدراونەتەوە. ڕاستیەکەش ئەوەیە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەم لە ڕووی هێز و هەم لە ڕووی سیاسەتەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن  خۆیان لە گەڵ یەکتر، دەوڵەتانی ناوچەیی و بیانییەوە بە تایبەتی دەوڵەتانی

ڕۆژئاوایی ڕێک بخەن(ئەوەی کە کورد تا ئێستاش نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بێت)، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنەکی کێشەکەیە و لایەنی دیکە ئەم کێشەیە گەلی کورد بۆ خۆیەتی.
لە ڕاستیدا ئەگەر بە کورتی ئاورێک لە خەباتی زرگاریخوازیی گەلی کورد لە سەدەی ڕابردوو و ئێستادا بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە خوێندنەوەی پڕ لە کەم و کورتیی لایەنەکانی کوردی لە پرسە چارەنووس سازەکان هەمیشە دەرفەتی نە تەنیا بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد نەرەخساندووە، بەڵکوو ئەو دەرفەتانەش کە لە ئالوگۆڕی هێز یان هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا دەتوانران بە قازانجی دۆزی کورد تەواو بن، زۆر جار بە هۆی خودی کوردەوە لەبار براون.
وەکوو نموونە لە سەردەمێکدا کە ناسیۆنالیزم وەکوو پرسێکی گرینگ و چارەنووس ساز سەیر دەکرا و دەوڵەت ـ نەتەوە وەکوو ڕێگا چارەی زۆربەی قەیرانە سیاسییەکان نە تەنیا لە ناوچە، بەڵکوو لە ئاست جیهانیشدا دەبیندران، زۆر بوون لەو نەتەوانە کە توانیان بە پێناسەیەکی ورد و هەمەلایەنە لە ناسیۆنالیزم ببن بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و ڕاستەوخۆ بەشداری هاوکێشە سیاسی و ستراتێژییەکان بن لە هەموو ئاستێکدا. بەڵام هەر لەم سەردەمەدا نەبوونی پێناسەیەکی زانستیی بەهێز، گشتگیر و هەمەلایەنە لە ناسیۆنالیزمی کوردی چ لە سەلماندن و بەهێز کردنیدا و چ لە ڕەتکردنەوەیدا لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردەوە، نەک هەر نەیتوانی پرسی چارەنووسی گەلی کوردی کە ساڵانێک بۆ قوربانیی بۆ دەدا چارەسەر بکات، بەڵکوو کەشوهەوایەکی ئەوتووی هێنایە ئاراوە کە بەداخەوە لایەنە کوردییەکان تەنانەت تا ئەو ئاستەش بەرەو پێش بڕوون کە بەرانبەر یەکتریدا ڕاوەستن.

له لایەکی دیکەوە هەر نەبوونی پێناسەیەکی تەواو لە ناسیۆنالیزمی کوردی بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی گرینگ لە پێکهاتەی سەرەکیی نەتەوەی کورد لە پەراوێز بخرێت و لە چوارچێوەی گوتار و پێناسەی نەتەوەخوازیی کورددا هیچ جێگایەکی بۆ خۆی نەبێنیتەوە و تەنانەت بکەوێتە بەر شالاوی توندوتیژیی ناوخۆیش. بوو نموونە کوردی ئێزدی لە باشووری کوردستان بە هۆی ئایینەوە تا ئەم چەند ساڵەی رابردووش قوربانیی ئەم پێناسە ناتەبایەی نەتەوەخوازیی کوردی بوون. هەروەها کوردەکانی لوڕ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ـ کە بە باوەڕی کوردناسانی کورد و بەشێک لە کوردناسە غەیرە کوردەکانیش بەشێکی جیانەکراوە لە نەتەوەی کوردن ـ بوون بە قوربانیی زانستی نەبوونی پێناسە و گوتاری نەتەوەیی کوردی. ئەم کەم و کورتیانە نەتەنیا بوون بە هۆکاری دابڕان لە ناو گەلی کورددا، بەڵکوو بەشێکی بەرچاوی خاکی وڵاتیشیان لە دەست کورد دەرهێنا.

ئێستاش کە تا رادەیەک کورد لە ناو هاوکێشە سیاسییەکاندا خەریکە پێگەیەک بۆ خۆی دەکاتەوە، گەورەترین کێشە کە وەکوو بەربەست لە ناو هێزە کوردییەکاندا دەبیندرێت، نەبوونی گوتاری فرە رەهەندی سیاسییە، چ لە ئاستی نێوخۆیی کوردستاندا و چ لە ئاست ناوچەدا.

بەشی گرینگی گوتاری سیاسیی کوردی لە سەر بنەمای دوستی و دژایەتیی بەردەوام داڕێژراوە و لە هەموو هاوکێشە سیاسییەکاندا تەنیا وەکوو دوست یان دوژمن دەچێتە ناو کایەوە و هەموو بوارەکانی دیکەی سیاسەت ، پەیوەندیی، دیپلۆماسی و بەرژەوەندی لە هاوکێشەکاندا لە ژێر سێبەر و کاریگەریی ئەم رەهەندەی گوتاری سیاسیدان. بە داخەوە ئەم تاک رەهەندییە لە گوتاری

سیاسیدا  له کێشه دەرەکییەکان  و لە گەڵ هێزە سیاسییە دەرەکی و بیانییەکاندا نەک هەر بە قازانجی گەلی کورد تەواو نەبووە ، بەڵکوو لە ناوخۆ و لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەی کوردیشدا تا ئەو جێگایە پەرەی پێدراوە کە هێزە کوردییەکان کەمتر بە شوێن خاڵی هاوبەش بۆ پێکەوە کارکردن و یارمەتیدانی یەکتر لە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتدا بگەڕن.

کاریگەریی ئەم خاڵە لاوازە لە گوتاری سیاسیی کوردیدا تا ئەو ئاستە بەرز بووە کە زۆرجاران لایەنە کوردییەکانی خستووە بەرەی دژی یەکتر و نەیارانی گەلی کورد بوون بە براوەی کایەی سیاسی لە کوردستاندا.

 بە هێنانە بەر باسی ئەم کەم و کورتییانە وەکوو بەر چاو ڕۆنییەک، هەوڵ دەدەین لەم ژمارەیە لە گۆڤارەکەماندا کە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران،  لە دیدی جیاوازەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە بیر و ڕای جیاواز، پێگەی کورد لەم سەردەمەدا و لە ئاست کایە سیاسی و ستراتێژییەکانی ناوچەیی و جێهانییە پەیوەندییدارەکان بەو ناوچەوە هەڵسەنگێنین.

تیشک

# پێگە و بنەماکانی وەرگرتنی پێگەی نێودەوڵەتی

**د. محمد شوانی**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

پێگە بریتیە لە شوێن، یان پنت و ناوەند و پلەیەک لە ریزبەندیەکی دیاریکراودا، ئیتر ئەو ریزبەندیە لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵگا بێت یان لە رووی سیاسی و دەسەڵات و بیرۆکراسی و پۆلێنی نێودەوڵەتیەوە. وەکوو ئەوەی کەسێک یان گروپێک یان کۆمەڵەیەک لە پۆلێن و ریزبەندیی کۆمەڵگایەکدا هەیانە، یان نەتەوەو دەوڵەتێک لە سەر بنەمای کۆمەڵێک فاکت و فاکتەری ماددی و مەعنەوی لە ریزبەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا حسێبی بۆ کراوەو لەبەرچاو گیراوە. ئەم هەژمارکردن و لەبەرچاوگرتنەش لە سەر هەر ئاستێک بێت، پشت بەو رۆڵە دەبەستێت کە ئەو تاکە یان ئەو گروپ و نەتەوەو کۆمەڵگەو دەوڵەتە لە پەیوەندیەکانیدا لە گەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی دەیگێڕێت.

هەروەکوو چۆن پێگەی کۆمەڵایەتیی تاک لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیدا، یان چین و توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز و پڕ لە جیاوازیدا، جیاوازە لە پێگەی تاک و گروپێکی تر لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا. پێگەی هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەکیش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جیاوازە لە پێگە و شوێن و پێگەی نەتەنەوە و کۆمەڵگاکانی تر، بۆیە چەمکی پێگە لە کایە جیاوازەکاندا بە پێی خستنەپاڵی هەر چەمک و دەستەواژەیەکی تر دەگۆڕێت، دەکرێ لە بواری پێگەی کۆمەڵایەتیدا قسە لە سەر ئەو شوێن و ناوەندە بکەین کە هەر تاکێک لە کۆمەڵگاکەدا هەیەتی، یان توێژێکی دیاریکراو هەیانە ..

بە هەمان شێوە لە بواری پێگەی سیاسیدا دەکرێ قسە لە سەر پێگەی وڵاتێک یان گەلێک بکەین کە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارو فاکتەری تایبەتەوە کە لە سیاسەت و رەسمی نێودەوڵەتیدا هەیانە

و له سەر بنەمای ئەو شوێن و پێگەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، زۆرجار له پرسە نێونەتەوەییەکاندا، یان له یەکلایی کردنەوەی هەندێک له کێشەی وڵاتاندا ئەمە بە روونی دیارە .
پێگە بەرئەنجامی جۆرێک لە ریزبەندی وپلەبەندیە، واتە لە کۆمەڵگایەکی یۆتوپی بێ جیاوازیدا پێگە بوونی نیە، لە راستیدا لە رووی کۆمەڵایەتیەوە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی نیە بە جۆرێک لە جۆرەکان شێوەیەکی ریزبەندی کۆمەڵایەتی تێدا نەبێت، بۆیە هەبوونی ریزبەندی و دروستبوونی پێگە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بە سروشتی لە ئەنجامی کۆبوونەوەو پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەو جیاوازیانە دروست دەبن کە دەبنە مایەی ریزبەندی، ئەرک و رۆڵی تاکەکان لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بە هۆی تەمەن بێت یان شارەزایی و توانای جەستەیی و هزری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، وەکوو یەک نا بێت. ئیتر کۆمەڵگا بە پێی ئەو وەکوو یەک نەبوونە پێگەو شوێنی جیاواز بۆ ئەندام و خێزان و بنەماڵە و گروپەکان و چین وتوێژەکانی دادەنێت تا ئەمە دەگاتە ئاستی کۆمەڵگاو نەتەوەو دەوڵەت لە ریزبەندی نێو نەتەوەییدا. بەڵام هەروەکوو چۆن هۆکارو رەگەزو پێکهێنەرەکانی ئەم ریزبەندییەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لە کۆمەڵگایەکیشدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری مێژوویی جیاوازە، پرسی ناو و ناونیشان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەشدا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا چۆن یەک و وەکوو یەک نیە. پێگەی کۆمەڵایەتیی تاک لە کۆمەڵگاکەیدا دەکرێ لە هەندێک کۆمەڵگادا لە سەر بنەمای بنەچەو بۆماوەیی و ئەسڵ ونەسەب بێت، بەڵام لە هەندێکی تردا توانایی ئابوری و لە یەکێکی دیکەدا ئازایەتی و لەوی تردا داهێنان و توانایی کەسەکەو ...هتد بێت .

وەکوو ئاماژەمان پێکرد، هەر لە بنچینەدا پێگە لە هەبوونی ریزبەندی و دابەشبوونی کۆمەڵگاو پۆلێنکردنیاندا بەدەر دەکەوێت، ریزبەندی (Stratification)خۆی بریتیە لەو جیاوازییەی لە پلەبەندیی تاکەکان یان خێزانەکان یان کۆمەڵگاو دەوڵەتان و میلەتاندا هەیە، لە ناو هەر نەزم وسیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، مامەڵەکانیان لە سەر ئەو بنەمایە ریۆشوێنی خۆی وەردەگرێت و بەڕێوە دەچێت کە هەندێکیان لە سەرووی هەندێکیانەوەن، ئەم جیاکردنەوەو ریزبەندیەش لە سەرەتادا لە سەر بنچینە و بناغەی نایەکسانی لە ماف و جیاوکە ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتیەکاندا دادەمەزرێت و دواتر قووڵ دەبێتەوەو کاریگەری دەخاتە سەر کارلێکی نێوان تاک وگروپەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەتانیش .

لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگا بە پێی هەندێک پرەنسیپ، پێگەو پایە دەداتە ئەندامەکانی. هەر پێگەیەکیش ناو و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە، هەندێک پێگە بە هۆی سیستمی کۆمەڵایەتیی باو بە تاکەکان دەدرێت، پێی دەڵێن پێگەی پێسپێراو، بەڵام پێگەی تر هەیە کە تاک خۆی وەریدەگرێت کە پێی دەڵێن پێگەی بە دەستهاتوو .

پێگەی (پێسپێراو (Ascribed)ئەو پێگەیەیە کە بێ ئەوەی تاک خۆی هەوڵی بۆ بدات بە هۆی پەیوەندیی بنەماڵەیی و خوێن وخزمایەتیەوە بە دەستی دێنێت یان ئێمە بە حوکمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خۆمان و وابەستەیی خێزانەکانمان بە تۆڕێکی پەیوەندیی خزمایەتی بە بنەماڵەو تیرەو خێڵەکەمانەوە، چەند پێگەیەکمان پێ ئەسپێردرێت وەکوو(لە لایەک مامی کۆمەلێک خەڵکین یان خاڵی هەندێکین و لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی خاڵ ومامەمان هەیە واتە برازاو خوارزای هەندێک خەڵکی ترین )

ئەمانەش هەر یەکە جۆرێکن لە پێگەی پێسپێراو، واتە جۆرێکی پێگەی کۆمەڵایەتی. هەر پێگەیکی کۆمەڵایەتیش چاوەروانی جۆرە رۆڵێکە و ئەرکێکی تایبەت دەخاتە سەرشانی خاوەنەکەی، واتە خاوەنی ئەو پێگەیە (خاڵ، مام، باپیرە ....هتد)هەر یەک لەمانە چاوەروانی جۆرە پەیوەندیەکە لە ئێمە و لە چوارچێوەیەکی رەفتاریی دیاریکراودا کار لەگەڵ یەک دەکەین. بەڵام پێگەیەکی تر هەیە جیاوازە لە پێگەی تەمەن و خزمایەتی و پێگەی پێسپێراو، ئەویش پێگەی ( وەرگیراوە)یان سەندنە کە لە رێگای جیاجیاوە بە دەست دێت، واتە بە دەست هاتووە (Achieved) جیاوازی هەیە لەگەڵ پێگەکانی تر. لەمەیاندا پێویستە هەوڵی خودی کەسەکەی لەگەڵیدا بێت. هەندێک مەرج هەیە کە دەبێت لەودا هەبن ئینجا ئەم پێگەیەی پێ دەدرێت. لە رێگەی کارامەیی و چالاکی و کاروکردەوە  تاکەکە خۆی بەدەستی دێنێت، بەڵام تا ئێستاش لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەم پێگەیە بەبەراورد لەگەڵ پێگەی چینە ئۆرستکرات و خانەدانەکاندا زۆرجێگیرو بێ مەترسی نیە، یان وەکوو میرات ئەمیان ناگوێزرێتەوە و بەزەحمەت نەوەکانی ئەم پێگەیە وەردەگرن، «شینۆ ئاشینی» نووسەرێکی گەلی ئیگبۆی ئەفریقیاییە، لە رۆمانێکیدا بە ناوونیشانی»شتەکان تێکدەشکێن»، خەمی سەرەکیی پاڵەوانی ئەم رۆمانە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی ریزبەندی و بوون بە مرۆڤێکی گەورەو ناودارە، بەڵام ئەم مرۆڤە جیاوازی دەبێ لەگەڵ ئەو خانەدانانەی پێگەی ئایینی و دنیاییان لە رێگەی بۆ ماوەییەوە وەرگرتووە. سەرەڕای هەوڵ و ماندوبوونەکانیشی، جگە لەوەی نەوەو مناڵەکانیشی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی باشتر دەبێ لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکەن و دەسەڵات و پێگەکەی خۆشی هەمیشە هەڕەشەی لە سەرە.

بەڵام پێگەی نێونەتەوەیی تا رادەیەکی زۆر تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، پێگەی پێسپێراو بۆ وەرگرتنی پێگەی نێونەتەوەیی وڵاتێک نابێ، هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت لە سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەم سەردەمەدا بە هۆی پیرۆزی و ئەسڵ و نەسەب و بنەچەو خوێن و خزمایەتی و بۆماوەییەوە ببێتە خاوەن پێگەیەکی بەرز، یان لە رەسمی سیاسەتی نێونەتەوەییدا رۆڵی گرنگ وکاریگەر بگێڕێت، بە هۆی پیرۆزی و بنەچەکەیەوە یان بە هۆی هەندێک هۆکاری غەیبی و بیروباوەڕەوە. بەڵکو ئەوە هۆکاری ترن، دەبێ هەر نەتەوەیەک کاریان بۆ بکات تا لە رێگەیانەوە پێگەی خۆی وەرگرێت .

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هۆکاری لەم جۆرە هەبووە، بەڵام وردە وردە و بە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری و بەرزبوونەوەی توانای کۆمەڵگاکان وهۆشیاربوونەوەیان، فاکتەری واقیعی و پەیوەست بە ژیانی رۆژانەو ئایندەی کۆمەڵگاو دەستکەوتە زانستیەکانەوە دروست بوون. لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی هەرچەندێک قەبارەی دانیشتوانی کۆمەڵگا گەورەترو دابەشبوونی کاری تێیدا دروست بوویێت، هێندەی تر جیاوازیی نێوان تاک وگروپەکانی ئەو کۆمەڵگایە زیاتر و قووڵتر بووەتەوە. تا کۆمەڵگا ئاڵۆزتر بووە، پێگە پێسپێراوەکان لە پاشەکشەیان داوەو تاکەکان کۆشش و هەوڵ و تەقەلایان داوە بۆ وەرگرتنی پێگە .

ئەگەر لەو بنەمایانە وردبینەوە کە ریزبەندی لە سەر دامەزراوەو ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی وەرگرتن یان بەخشینی پێگەیەکی بەرزتر بریتی بوون لە دەسەڵات و خاوەنداریەتی و هێزو توانای لەشکری و جۆرێک لە وزەی ئەفسوناوی و گەورەیی و....هتد، ئەمانە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بنەمای پۆلێنکردن و ریزبەندی و جیاکردنەوەی گرووپەکان و بەخشینی پێگە بوون، هەمێشە

شەڕکەرێکی نەترس، یان راوچیەکی چاک یان کەسێک توانای چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی و نەهێشتنی ئازاری هەبووبێت، وەکو پزیشکی میللی بەدەرکەوتبێت، خاوەنی پێگەی باڵاتر بوون، هەر ئەو چارەسەرکردنی نەخۆشیانە و خوێندنی دوعاو پاڕانەوەو نزای پیاوانی ئاینی مایەی وەرگرتنی پێگەی باشتر بوون، بەڵام لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا هەندێک لەمانە نابن، بۆ نموونە نزا و پارانەوە، یان وزەی سیحری و ئەفسوناوی وەکوو بنەمایەک نابنە مایەی وەرگرتنی پێگەی نەتەوەیەک، بەڵام هێشتا توانای شەڕ و بەجەرگی و خۆڕاگری، یان لە رووی زانستیەوە توانای چارەسەرکردنی نەخۆشی و دۆزینەوەی نوێ رۆڵیان هەیە لە وەرگرتنی پێگەی نەتەوەیەکدا. ئەگەر لەم روانگەوە سەیری شوێن و پێگەی نەتەوەیی کورد بکەین، ئێمە ئەگەرچی بە هۆی ئەو رەوشی داگیرکاری و دابەشبوونە سیاسی و سنووره دەستکردانەی نێوانمانەوە، نەمانتوانیوە پێشکەوتنی زانستی و داهێنان و دۆزینەوەی نوێ بکەینە بنەمای وەرگرتنی پێگەی نێودەوڵەتیمان، بەڵام پێشمەرگە و خۆڕاگریی کورد و سووربوونی لە سەر خەباتی نەتەوەیی و نموونەی شەڕڤانانی کۆبانی و کچە خۆڕاگرەکانی یەکینەکانی پاراستنی ژنان، پێگەیەکی نێودەوڵەتی بەرزیان بە کورد بەخشی، تێڕوانینیان بۆکورد هەرگیز وەکوو پێش رووداوەکان نیە، بەڵام ئەمە بەس نیە بۆ پێگەی نەتەوەیی. دەبێ لە لایەک ئەو ورەو خۆڕاگری و نموونەی ئازایەتی پیشاندانە بەردەوامی هەبێت و بە ئاراستەیەکی تەندروستدا ببرێت کە لەگەڵ بنەماکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی باو لەم سەردەمەدا بگونجێت. لە لایەکی تریشەوە بە هەمان ئاست نموونەی لێبوردەیی و گەمەی دێموکراسی و نەتەوەیەکی مۆدێرن پیشان بدات کە ئەمانەش بۆ

ئەم قۆناغەی جیهان یەکێکن لەو بنەمایانەی وڵاتان و نەتەوەکان پێگەی باڵاتری پێ وەردەگرن. چوونکە یەکێک لەو فاکتەرانەی کە دەبنەهۆی دابەزینی پێگەی هەر وڵاتێک لە سیستەمی نوێی جیهانیدا، رادەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی دێموکراسی و داخراویی ئەو کۆمەڵگاو نەتەوەو دەوڵەتەیە .

هەروەکوو چۆن لە سەرئاستی تاک، لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگاو پێشکەوتنەکاندا بنەماکانی وەرگرتنی پێگەش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هۆکاری تر بەدەرکەوتن، هۆکاری رامیاری وەکوو حیزبایەتی و دەسەڵات و بەشداری لە خەبات و ململانێی سیاسی، یان لە سیستەمی بیرۆکراسیدا پلەی کارگێڕی و پۆست و پلەی وەزیفیی تاکەکان، یان لە بواری نووسین و شاکاری ئەدەبی و داهێنانی هونەری و ئەدەبیات و بوون بەبژاردە لە بواری رۆشنبیریداو ..هتد، پێگەی تاک و گرووپەکانیان دیاریکردووە. ئەمەش لە سەرەتادا، بۆ ماوەیەکی مێژوویی دوورودرێژ وەکوو بەشێک لە میرات و بۆمانەوە پێگەی خێزانی و بنەماڵەیی بۆ نەوەکان گواستراوەتەوە، تا رادەیەک تا ئیستاش رۆڵ وکاریگەریی خۆی لە دەست نەداوەو لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا نەوەی ناودارانی ئەم بوارانە شانسی باشتریان هەیە لە هەر هەڵبژاردنێکدا. چوونکە پێگەیەکی باشتریان هەیە، میراتێکی کۆمەڵاتیان بۆ ماوەتەوە، کوڕی فڵان سەرکردەو ناودارو پیاوچاکن، ئەمە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا بۆ نەتەوەیەک ئەو هێزەی جارانی نەماوەو پەیوەندیەکان لە سەر بنەمای پەیوەندیی کەسی دانامەزرێن، لە ئەنجامی گۆڕانکاریە قوڵەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدەی رۆژئاواو وەکوو ئەنجامێکی تاکگەرایی و مۆدێرنیتە، بنەما و هۆکارەکانی وەرگرتنی پێگە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، چ لە سەر ئاستی تاکەکان یان نەتەوەو گەلان و وڵاتانی جیهان بێت .

له دەوڵەتێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی بەرز یان پێشکەوتنی کلتوری و شارستانی و تەکنۆلۆژی یان توانای سەربازی یان شەفافیەت و کرانەوەو دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی رەگەزی، یان هەماهەنگی و یەکانگیری و پەیوەندیی دروستی دراوسێیەتی و هەرێمی و بەرزیی ئاستی بژێوی هاوڵاتیان و ..هتد، بە بنەمای وەرگرتنی پێگەی بەرز دابنرێت ..

لە رووی سیاسیەوە، بۆ ئەمەش لە سەر ئاستی نەتەوەو نێودەوڵەتیش هەر وایە. هەر نەتەوەیەک بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی نێونەتەوەیی باڵاو بەهێز، دەبێ کار بۆ هەڵگرتنی زۆرترین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە بکات کە بۆ هەر پێگەیەکی بەرز پێویستن .

ئەمرۆ پارچەیەکی کوردستان، یان باشووری کوردستان کە رووبەر و رێژەیەکی بچووکی کوردستانی گەورەیە، لە ئەنجامی خەبات وقوربانیدان و خۆڕاگریی پەنجا شەست ساڵی رابردووی، جۆرە ئازادی و سەربەخۆییەکی بەدەستهێناوە، ئەمە تا رادەیەک بوەتە مایەی بەدەستهێنانی پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ هەموو کورد، بە چاوی هەموو کوردیشەوە سەیری ئەم ئەزمونە دەکرێت، بۆیە زۆر پێویستە:

١ـ هەموو دڵسۆزانی کورد و خەمخۆرانی پرسی نەتەوەیی کورد، لە هەر شوێن و پارچەیەکی کوردستان هەن، ئەم ئەزمونەی باشوور دەوڵەمەندتر بکەین و رەخنەی لێ بگرین و جوان و بەهێزی بکەین. واتە خەباتی نەتەوەییمان لێرەدا چڕ بکەینەوە، ئەمیش نە بەو مانایە کە پارچەکانی تر لە بیر بکەین، بەڵکوو میکانیزم وشێوازی خەباتی نەتەوەیی لە پارچەکانی تر گونجاو و هەماهەنگ بن لەگەڵ بەدەستهێنانی پێگەی باشتر بۆ هەرێمی باشووری کوردستان .

٢ـ بە هەموومانەوە کار لە سەر گواستنەوەی پرسی نەتەوەییمان

بکەین بۆ بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی نێودەوڵەتی، لە جوغزە هەرێمی و ناوچەییەکەی دەربکەین، ئەمیش جۆرێک لە ڕێکەوتن و تەبایی و هەماهەنگی نەتەوەیی لە سەر ئاستی کوردستانی گەورەی پێویستە.
٣ـ هەموو سیاسەتمەدارو کەسایەتیە شۆڕشگێرو ڕۆشنبیر و پسپۆڕان و توێژەرانی پارچەکانی تر نەتەوەییانە و مەدەنیانە، دوور لە ئایدیۆلۆژیای حیزبی و نزیکیان لە لایەنەکانی باشوور، خەمخۆرانە کار بۆ ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەو هاوکاری دەسەڵاتی باشوور بکەن، تا جوانترین نموونەی بەڕێوەبردن پێشانی جیهانی دەرەوە بدەن و بتوانن دیموکرات و دادپەروەر بن .
٤ـ لە سەر ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاراستەی سیاسی و شوێنی جوگرافی و ئایین و مەزهەب، پێویستە هەموو کوردانی دەرەوە کار بۆ دروستکردنی کۆمەڵەو ڕێکخراو و لۆبی نەتەوەیی بەهێز بکەن و کاریگەریان هەبێت لە سەر هەندێک لایەنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، چ بۆ پشتیوانی داخوازیەکانی کورد یان ڕێگە گرتن لەو ڕەفتارە نامرۆییانەی بەرامبەر کورد دەکرێت لەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە .
٥ـ یەکێک لەو بنەمایانەی پێگەی کورد لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا بەرز دەکاتەوە، یەکریزی و وەلانانی ناکۆکی و جیاوازیە ئایدیۆلۆژیە ناوخۆییەکانی کورد خۆیەتی، کۆبوونەوەی کوردە لە ژێر چەتری کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا، بۆیە پێویستە لایەنەکان لە ئێستادا لە گفتوگۆ و ڕێکخستن و بەرنامەڕێژیی ئەو کۆنگرەیەدا بن کە بە ڕاستی یەکمان بخات نەک زیاتر کەرت کردن و دورخستنەوەمان لە یەکتر .
٦ـ شێوازی بەڕێوەبردن و ئاستی پێگەیشتنی ئەقڵی دەوڵەتداری و

به دامەزراوەیی کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەنگی مەحەکە بۆ وەرگرتنی پێگەی بەرز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، نەک هەر ئەمە بەڵکوو لە سەر ئاستی حیزبایەتیش، چۆنیەتی رێکخستن و دیسپلینی حیزبی و ورەو هۆشیاریی ئەندامانی حیزب و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و کۆی کاری حیزبی بەچەمکە مۆدێرنەکەی لە کوردستاندا فاکتەرێکی گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کورد .

٧ـ یەکسانی جێندەری و قبوڵکردنی یەکتری و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و شەفافیەت لە بەڕێوەبردن و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و...هتد، هەموو ئەمانە لە باشووری کوردستاندا ئەگەر هەبن، هۆکاری گرنگن بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد بە گشتی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی .

٨ـ بەدەرکەوتنی شاری گەورەی وەکوو هەولێر، سلێمانی، سنە، ئامەد و فراوانبوونی دەیان شار و شارۆچکەی تری کوردستان و پێشکەوتنی کلتوری شارنشینی کوردی، لە گرووپێکی ئیتنی کۆچەری و لادێیی و ئاژەڵدارو شوانکارەییەوە، کە داگیرکەران و دوژمنانی کورد بانگەشەیان بۆ دەکرد، وەرچەرخان بۆ نەتەوەو شارنشین و مەدەنی، گۆڕانکاریەکی ریشەییە لە پێگەی نێودەوڵەتی کورددا .

٩ـ هەبوونی لەشکرو سوپایەکی بە ورەو باوەڕدار بە پرسە نەتەوەییەکان، مەشق پێکراو، دامەزراو لە سەر بنەماکانی زانستی سەربازی، دوور لە خوێن و خزمایەتی و حیزبایەتی و شەخسگەرایی و ناوچەگەری سام و هەیبەتێک دەداتە کەسایەتی نەتەوەییمان، دەبێتە مایەی پێدانی پێگەیەکی باڵاتر .

تیشک

نووسەر و رووناکبیر

غازی حەسەن:

# کورد گەیشتۆتە قۆناغێک کە گەڕانەوەی بۆ دواوەی گەڵێک ئاسان نییە

هەڤپەیڤین: تیشک

## ستراتیژیی نەتەوەیی کورد چییە؟

لای هەموو تاکێکی کورد روونە کە کورد ستراتیژیی بریتییە لە رزگاربوون لە داگیرکەران، لە پێکهێنانی بارێکی ئازاد و دیموکرات، لەپێناو گێڕانەوەی سەرەوەریی مرۆڤانەی، لە پێناو رزگابوون لە پاشکۆبوون و نەمانی ستەم و کۆیلایەتی.

کورد نەتەوەیەکی مەزنی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، کار بۆ رزگاری دەکات، نەک لە پێناو کۆیلەکردنی خەڵک و نەتەوەی دیکە، بەڵکوو لە پێناو بیناکردنی ژیانێکی کامەران، بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، دەیەوێت ببێتە پردێکی پتەو بۆ ئازادیی نەتەوە وگەلەکانی دیکەش.

لەبەر ئەوە لە تەک ستراتیژیی رزگاری کار دەکات، بۆ پێکهێنانەوەی کەسایەتی خۆی، ئەو کەسایەتییەی سەدان ساڵە داگیرکەران، کار بۆ تواندنەوە و شێواندن و نەهێشتنی دەکەن، دەیەوێت کەلتورو ژیانی پێکەوەیی و یەکسانی و رێزگرتنی یەکتری بینا بکاتەوە، دیارە ئەمانەش هیچ کاتێک نایەتەدی، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە کوردستان خاوەنی دەوڵەت و نیشتیمانی ئازادی خۆیەتی. تەنیا ئازادیی کوردستان و دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان، دەبێتە پێوەر بۆ ئازادبوون و دیموکرات بوونی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. ئازادیی کوردستان دەبێتە پێوەر بۆ پێشکەوتووی، یا کوێرەوەری و دواکەوتووی نەتەوە سەردەستەکانیش. واتە رزگاریی کورد دەبێتە مایەی شکانی سیستەمی کۆیلایەتی و پاشکۆبوون. ئەوەش لە قازانجی تەنیا گەلی کوردستان تەواو نابێت، بەڵکوو دەبێتە مایەی ئازادبوونی نەتەوە سەردەستەکانیش لە کابوسی خۆ بەزڵ زانین و کۆنترۆلکردنی

ئازادیی گەلانی دیکەش.

**ئامانجی ئەو حکوومەتانەی (ئەو وڵاتانەی) کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە هەرێمی کوردستان چییە؟**

ئامانجی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان راگرتنی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانە، ئامانجیان لێسەندنەوەی توانا ودەسەڵاتی کوردە لە هەرێمی کوردستان. ئامانجیان دابەشکردن و لەتکردنەوەی باشووری کوردستانە. ئامانجیان بەگژداکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانە لە هەرێمی کوردستاندا.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی بە ئاشکرا کار بۆ دابەشکردنەوەی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارە و دوو هێز و دوو خێڵ و دوو دەسەڵات دەکات. ئیران کار بۆ بە شیعە کردنی سیاسەت و ئیرادە سیاسییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات. راستە ئێران بەرژەوەندییەکی زۆری لەم دەڤەرە پەیدا کردووە و بۆتە بڕیاردەری سەرەکی لە ناوچەکە، بەڵام دەسەڵاتەکان لە لوتکە دەشکێن، لە گەیشتنە باڵاترین خواست و پلەیەکی بەرز دەشکێن، نەک لە ساوایی و لە سەرەتادا بوونیان، ئەوەی ئێرانیش خەریکە لە لوتکەی گەیشتنە خواستەکانیان تێر دەبن، بەرەو شکان دەبێت بچن، ئەمە یاسای سروشتە، نەک یاسای سیاسییەکان.

هەرێمی کوردستان هەنووکە ئەو پارووە چەورە نیە، هەموو کەسێک بتوانێت لورفی بکات و بیخوات. راستە ئێمە هەمیشە رەخنە لە کەموکورتیەکانی ناوخۆیی دەگرین، بەڵام داعش و قۆناغەکانی پێش داعش و دوای داعشیش پێدەچێت لە قازانجی کورد و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە بچن. رەنگە هەندێک لایەن وگرووپی کوردی ئەم پێشکەوتنەیان نەوێت و لە قازانجی خۆیانی

نەبینن، بەڵام رەوشەکە خێرا بەرەو پێشەوە دەچێت.
لەبەر ئەوە چی دیکە ئەم بەشەی کوردستان، بێ ئیرادەی خۆی، ناتوانرێت لە لایەن تورکیا و ئیران و سووریا و بەغدا بەڕێوە بچێت.

## ئایا زەمینەو بەستێن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ئامادەیە؟

ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێکی مۆدێرن و گەشەسەندوومان هەبێت، هێشتا ماومانە، بەڵام خۆشبەختانە بێ ئامادەیی تەواوی کورد، دوژمنەکانی کوردستان، هانی پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی کوردستان دەدەن، مەرجیش نییە هەموو مەرجەکانی بە دوڵەت بوون ئامادەبێت، ئینجا بریار بدرێت. پێم وایە هەرێمی کوردستان ساڵانێکە، پیادەی دەسەڵات و کار و خۆبەڕێوەبردنی دەوڵەت دەکات. رەنگە سەرچاوەی ئابووری و پاڵپشتی و دانپێدانانی نێودەوڵەتیمان پێویست بێت، کە رەنگە ئەو دوو خاڵەش لە دروستبوون و نەشونما بن. بەڵێ ئەگەر رۆژی بەدەوڵەت بوون هات، پیویستییەکانیش خۆیان دروست دەبن. لەگەڵ ئەوەش پێویستە کورد، ئامادەکاریی بنەڕەتی بکات، تا کێشەی زۆری تووش نەیێت.

## کوسپەکان و بەربەستەکان چین؟

کۆسپەکان زۆرن، گەلێک کۆسپ هەن هەتا خاوەنی دەولەتیش بین، هەر دەمێنێت و بەردەوام دەبێت و هەندێکیان رەنگە لەگەڵ گۆڕانی کات و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ئەوانیش بگۆڕێن و بە شێوازی نوێ دەرکەون. یەکێک لە کۆسپە

گرینگ و خودییەکانی کورد، نەبوونی یەکدەنگی و یەکڕیزییە، دواتر دواکەوتووی کەسایەتی تاکی کوردە، ئینجا رۆلی حزبە سیاسییەکان لە پرۆسەکە بە گشتی. پلانی دوژمن و داگیرکەرانیش لەوێ بوەستێت کە بەشێکی درۆ نییە، هەوڵ بدەن بە هەندێک کورد لە سەر خۆی جێبەچی بکەن.

## پێگەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی چۆن دەنرخێنن؟

کورد لە پێگەی زۆری پتر لە ئاستی نێودەوڵەتی چۆتە پێش، هەتا ئەم ساتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەرێنی پێشوازی لە کورد بە تایبەتش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمە پێشوەچوونێکی کەم وێنە و مێژووییە. هەلومەرجی نێودەوڵەتی بە شێوەیەک گۆڕاوە، کە دوژمنەکانی کوردیش نەتوانن وەکوو جاران دژایەتیی کورد و دۆزەکەی بکەن. تێڕوانین بۆ کورد و دۆزەکەی هێندە گۆڕاوە کە ئیدی کورد دەبێت لە ئاست بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناغە بێت، کە دووبارە بوونەوەی نابێت .

سەرکردەکانی کورد لە زۆربەی سەکۆ بەهێزە بڕیار بەدەستەکانی دونیا مافوری سوریان بۆ رادەخرێت. ئەمە پێوانەیە بۆ گۆڕانکارییەکان. کەواتە مرۆڤ کاتێک لە گۆڕانکارییە نیودەوڵەتییەکان و پێگەی کورد لەو سەردەمە دەروانێت، تێدەگات کە، کورد گەیشتۆتە قۆناغێک کە گەڕانەوەی بۆ دواوەی گەلێک ئاسان نییە. بۆ کورد ئەم سەردەمە هەر تەنیا سەردەمی بوژانەوە نییە، بەڵکوو سەردەمی دروستبوون و گەیشتنە بە رۆحی نەتەوەبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی.

**ئایا کورد توانییە لە ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکاندا دەوری شیاوی خۆی بگێڕێ؟ خاڵە لاوازەکانیان چین؟**

بەڵێ، کورد بۆتە لایەنێکی بەشدار لە رووداوە گرینگە چارەنووس سازەکان، کورد لە هاوپەیمانییە سەربازییە نێودەوڵەتییەکاندا بەش و رۆلی هەیە، کورد لە ریگەی بڕیاری نێودوەڵەتی ٦٨٨ لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاری پاراستنی دراوە، ئەمڕۆ ئەمەریکا وهاوپەیمانەکانی بە راشکاوی و راستەوخۆ هەریمی کوردستان دەپارێزن، کۆنگریسی ئەمەریکا بڕیاری هاوکاریی راستەوخۆی کورد و پێشمەرگە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا لە قازانجی کورد دەردەکات. لە ناوچەکەشدا کورد گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت، تورکیا دوای رکابەرییەکی سەخت، دانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نا، هەنووکە بە فەرمی پەیوەندی لە گەڵ کورد دەکات، لە سووریا مەسەلەکە لە ئاست و ئاسۆیەکی نوێ دایە. ئێران هەرچەندە دەیەوێت کوردستان بە دواکەوتووی بمێنێتەوە، بەڵام دیسان ناتوانیت لە واقیعی سیاسیی کوردستان خۆی ببویرێت.

لە پەیوەندی لەگەل وڵاتە عەرەبییەکاندا مەسەلەکە زۆر گۆڕاوە، بەشیکیان قونسلخانەیان لە هەرێمی کوردستان کرۆدتەوە.

لەوەش گرینگتر، کوردستان بۆ هەندێکیان ناوچەی ئارامە بۆ پاراستنی برا مەزهەبییەکان، بۆ هەندێک لە رووی ئابووری کوردستان بۆتە ناوەندێکی گرینگ و ستراتیژی، بۆ هەندێکیش، کوردستان ناوندێکی سیاسی و ئەمنی بڕیار دەرە.

کەوایە لە ناوچەکەدا کورد نەتەوەیەکی دابڕاوی سەرکوتکراو نییە، بەڵکوو بۆتە نەتەوەیەکی خاوەن پێگە و بەشداریی فەرمی لە پرڕۆسەی ناوچەکە لەهەموو ئاستەکان دەکات.

**ئاكامی دوو ئیدارەیی و بە تایبەتی بوونی دوو هێزی پێشمەرگە، بۆ هەرێم چۆن دەبینن؟**

کارێکی خراپە، هەر لایەنیک وا بیربکاتەوە و بەم ئاراستەیەدا کار بکات، مێژوو سزای دەدات، گەلی کوردستان لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکاندا سزای سیاسیان دەدات. ئەمە ترسناکە بۆ ئایندەی کورد، دەبێت کار بکرێت کورد لەم نەخۆشییە بەردەوامە رزگاری بێت.

**بەڕێزتان چۆن دەڕوان بە داهاتووی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا ؟**

هیچ ئایندەیەکی سەرکەوتوو، بەردەوام نابینرێت، هەموو ئاراستەکان بەرەو جیابوونەوە دەچێت، چوونکە حکوومەتی عەرەبی، جا ئەم حکومەتە مەزهەبیش بێت، بەهێج شێوەیەک ئامادە نییە، دێموکرسیانە بیر لە هاوپەیمانی کورد و عەرەب، حکوومەتی هەرێم و بەغدا بکاتەوە. بەغدا دەیەوێت کورد کۆیلە و پاشکۆی ئەوان بێت، کوردیش ئامادە نییە جارێکی دیکە دەسەڵاتی خۆی رادەستی بەغدا بکاتەوە. عێراق خۆی بە کردەوە بەرەو لەتبوون دەچێت کە ئەمجارە عەرەب خۆیان عێراق دابەش دەکەن، بۆیە نابێت کورد چی دیکە شانازیی چاکردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی عێراقی پێ ببڕێت.. ئیدی ترس لە باسی دەوڵەتی کوردیش نەماوە.

**کورد بۆ سەرکەوتنی لە شەڕی داعشدا، دەبێ چ بکات؟**

دەبێت، یەکڕیز بێت، بەرەی ناوەخۆیی یەکگرتوو بکات، نەهێلێت ئیسلامی سیاسی ببێتە هاندەر بۆ بیری هەڵەی ئیسلامی، حکومەتی کوردستان عەدالەت بپارێزێت، یەکسانی هەبێت. هاوپەیمانی

نێودەوڵەتی پەرەپێبدات، سوپای پێشمەرگەی کوردستان یەک بخات، لە رووی ئاسایشەوە چاکتر و پتەوتر کار بۆ پاراستنی هاوڵاتیان بکرێت. لەوانەش گرینگتر نەبێتە بەشێک لە ململانێی سونە و شیعە لە عێراقدا، چیدی کورد بە خۆڕایی نەبێتە نشتیمان پەرەوەی پلە یەک. بۆ عێراق لە پاشا پاشاتر نەبێت. کاتی ئەوەیە بوونی داعش بکرێتە هاندەر بۆ چوونە نێو قۆناغی نوێ لە هەموو ئاستەکان.

**دەوری میلیشیا شیعەکان لە داهاتووی عێراق و بەتایبەتی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

من پێم وایە ئەم میلیشایانە رۆلیان ترسناکە، دەبنە هێزێکی یاسایی لە هێزێکی دیکەیدا، هەمان پێکهاتەی ئێران لە نێو ژیانی سەربازی عیراقیش دووبارە دەکرێتەوە. ئەمانە سوپای مەزهەبی دەبن، بۆ سەرکوتی کورد و سونە.

**رۆڵی رۆژئاوا لە پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

رۆلێکی ئیجابییە.

## تیشک

# کورد له ستراتیژیی رۆژئاوادا

د. میرۆ عەلیار

رووداو  و ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی رابردوو، سەرەتای هاتنەئارای سیستم یان نەزمێکی نوێ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان دەدەن.
لە زۆر بواردا، قەوارەی سیستمی کۆنی ناوچە تێکچووە و هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام سیستمێکی نوێ ئێستا بیچمی نەگرتووە. دەوڵەتە دەورگێڕە جیهانی و ناوچەییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر و چالاکانە و بەردەوام خەریکن «مۆری خۆیان بەو نەزمە نوێیەوە بنێن» و لە بەژەوەندیی خۆیاندا شکڵ بە نیزامی نوێ بدەن.
گرنگیی ناوچەکە لەبواری سیاسی و ئابوورییەوە و هەروەها زۆربوونی ژمارەی ئەکتەرەکان و جیاوازیی بەرچاوی بەرژەوەندییەکانیان، بۆتە هۆی ئەوەی کە رەوتی دامەزرانی نەزمی نوێ زۆر بە خاوی و بە شێنەیی بچێتە پێشێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و ئەوەش پێشبینی و دیاریکردنی داهاتووی ناوچەکەی دژوار کردووە.
کەوایە، ئەو نەتەوانەی دەیانەوێت لەداهاتووی ناوچەکەدا جێگایەکی شیاویان هەبێ و مافەکانیان بپارێزرێ، دەبێ زۆر وشیار بن و بە وردی بیر لە هەنگاو و هەڵوێست و سیاسەتەکانیان بکەنەوە.
لەو نێوەدا بارودۆخی نەتەوەی کورد جیاوازییەکی تایبەتی هەیە: کورد خاوەنی وڵات، دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆ و نوێنەر لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە و ئەوە هەر لە دەسپێکەوە مەیدانی جموجۆڵ و کایەکردن بە "کارت"ـەکانی لێ بەرتەسک دەکاتەوە.
ئەگەرچی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا پرسی کورد وەکوو پرسی یەک نەتەوە سەیر دەکرێ، بەڵام لەلایەن دەوڵەتەکانەوە وەکوو پرسی یەک نەتەوە هەڵسووکەوت و تەعامولی لەگەڵ ناکرێت. ئەوەش لە واقعییەتی دابەشبوونی کورد و کوردستان بەسەر چوار

وڵات لە ناوچەیەکی ئیستبدادلێدراودا، سەرچاوە دەگرێت.
ئەگەر ئاوڕێک لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بەرامبەر بە رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە لە ١٤ساڵی ڕابردوودا واتە پاش هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بە دوای کارەساتی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ی زایینی و پاشان داگیرکردنی عێراق و رووخاندنی رێژیمی «صدام حسین»، بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە رۆژئاوا شتێکی بەنێوی ستراتیژی بەرامبەر بە پرسی کورد نیە و ئەگەر هەشبێ، ئاشکرا نەکراوە.
ئەوەی بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە رۆژئاوا پرسی کورد لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا وەکوو مەسەلەیەکی نێوخۆیی هەریەک لەو وڵاتانە سەیر دەکات و دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بەگوێرەی پێوەندیە سیاسیی و ئابووریەکانی خۆیان لەگەڵ هەرکام لەو حکومەتانە، بەرامبەر بە داخوازەکانی کوردیش هەڵویست دەگرن.

**هەڵویستی ئەمریکا و ئەورووپا بەرامبەر بە پرسی کورد بە گشتی هەمیشە «تابع»ێک بووە لە سێ فاکتور:**
یەکەم، چۆنیەتی پێوەندی سیاسی و ئابووریيان لەگەڵ رێژیمەکانی ناوچە و دووهەم، بارودۆخی ناوچەکە کە بەردەوام دەتوانێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، و سێهەم، هێز و ئاستی پەرەسەندوویی جووڵانەوەی کورد.
ئەوان تەنانەت پرسی دوو مەسەلەی بە قەولی خۆیان universell واتە گشتگر و «جهانشمول»ی دێموکراسی و مافی مرۆڤیش لە وڵاتەکاندا وەکوو یەک چاو لێناکەن و لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان دەیگونجێنن. بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لەو چوار وڵاتەدا کەیفییەتی جیاوازی هەیە.

ئاماژەی کورت بە چەند خاڵ ڕەنگە یارمەتی بە تێگەیشتنی باشتر لە سیاسەتی ڕۆژئاو بەرامبەر بە پرسی کورد بکات:

١. وەکوو ئاماژە پێ کرا، نەتەوەی کورد بە سەر چوار وڵاتی ناوچەی گرنگ و دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەش کراوە.
٢. ئەو چوار وڵاتە جێگە و پێگەی جیاوازیان لە ئاستی ناوچە و نێونەتەوەییدا هەیە و حکومەتەکانیان سیاسەتی جیاواز بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بەڕێوە دەبەن. لەئاکامدا وڵاتانی ڕۆژئاواییش هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر بەو وڵاتانە و پرسی کورد لەو وڵاتانەدا ڕەچاو دەکەن.
٣. هێزە سیاسیەکانی کورد پڕش و بڵاو و ناتەبان و هەر بۆیەش نەیانتوانیوە سیاسەتێکی واحیدی نەتەوەیی فورمولە بکەن، خاوەن ستراتیژێکی هاوبەش بن و وەکوو نوێنەری ویست و داخوازەکانی نەتەوەی کورد خۆیان بە بیروڕای گشتیی جیهانی بناسێنن.

نەتەوەیەک کاتێک بۆخۆی خاوەنی ستراتیژییەک یان لانیکەم بەرنامەیەکی ئاسایی سیاسیی هاوبەش نیە، ناتوانێ چاوەڕوان بێ وەکوو فاکتورێکی یەکلاکەرەوە بکەوێتە نێو ستراتیژی وڵاتانی دیکە و جێگایەکی شیاو لە سیاسەتی دەوڵەتە بڕیاربەدەستەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

بەوشێوەیە، کورد ناتوانێ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی ناوچەیی و دەرەکی و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان دابنێ. ئەگەریش بتوانێت، ئەوا لە پەراوێزدا ڕۆڵێکی لاوەکی بۆ دیاری دەکرێت.

ئەزموونی چەند دەیەی رابردوو بە روونی دەری دەخات کە بێجگە لەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، بەتایبەتی دوو فاکتور کارتێکەریی یەکلاکەرەوە دەخەنە سەر تێڕوانینی بیروڕای گشتیی جیهانی و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاوایی بەنیسبەت کورد و پرسی کورد:

**یەکەم،** پێوەندی و هەڵسووکەوتی هیزە سیاسیەکانی کورد لەگەڵ یەکتر. واتە ئاستی یەکیەتی و یەکهەڵوێستیی و شێوەی تەعامولی هیزە سیاسیەکانی کورد لەگەڵ یەکتر.

**دووهەم،** چۆنیەتیی پێوەندی و موناسباتی حیزبە کوردستانیەکان لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە.

لەکاتێکدا کە کورد لە دونیادا وەکوو نەتەوەیەکی بە زۆر دابەشکراوە، ئازا و خەباتگێڕ، میوانخۆشەویست... ناسراوە و هەموو کەس دەزانێ کە کورد لە لایەن ڕێژیمەکانەوە لە مافەکانی بێبەش کراوە و دەچەوسێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو دوو خاڵەی ئاماژەیان پێکرا، کورد لە بیروڕای گشتری جیهانیدا ناوبانگی بە باشی و ئەرێنی دەرنەچووە.

لەخۆڕا نیە کە ئێستاش کاتێک لە راگەیەنە گشتییەکان باسی کورد دەکرێت یان بابەتێکی شیکاری لەسەر پرسی کورد بڵاو دەکرێتەوە، حەتمەن ئاماژەیەک دەکرێ کە «کوردەکان قوربانیی ناتەبایيەکانی نیوخۆیانن»، «گەورەترین دوژمنی کوردەکان بۆ خۆیانن»، «کوردەکان تۆپی کایەی دەوڵەتەکانی ناوچەن» یان «کوردەکان مۆرەی شەترەنجی هیزەکانی ناوچەن»، «چەند پارچەیی کوردەکان لە نێوان وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا»! مەبەستیش لە دەوڵەتەکانی ناوچە ڕێژیمەکانی چوار وڵات تورکیا،

ئێران، عێراق و سوورییایە!
تەنانەت ئەورۆش سەرەڕای ئەوەی کە کورد دەورێکی کاریگەر و ئەرێنی لە شەڕی دژی تێرۆریزم دەگێڕێ و بەقسەی خودی ڕۆژئاواییەکان، «کورد شەڕی جیهان لە دژی تێرۆریزم دەکا» و قوربانی دەدات، بەڵام لە لایەن دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانەوە بەر لە هەمووشتێک وەکوو فاکتورێکی نیزامی سەیر دەکرێت و تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، نەک وەکوو فاکتورێکی سیاسیی سەربەخۆ لە هاوکێشە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەدا!

**دوو نموونە:** ڕۆژی پێنجشەمە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ (٢٢ی جوولای ٢٠١٥) کۆنفرانسی وڵاتانی هاوپەیمان لە شەڕی دژ بە داعش لە لەندەن (بریتانیا) بەڕێوەچوو. لەو کونفرانسەدا نوێنەرانی ٢١ وڵات، یەک لەوان «حیدر العبادی»، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەشداریان کردبوو، بەڵام هیچ نوێنەرێکی کورد بانگهێشت نەکرابوو.
بۆ کۆنگرەی پاریسیش کە ڕۆژی ٢٠١٥،٦،٢بەرانبەر ١٢ی جۆزەردان(خرداد)ی١٣٩٤ هەر لەوپێوەندییەدا بەڕێوە چوو، حکوومەتی هەرێم بانگهێشت نەکرا.
هەر دوو جار، ئەو کارە نارەوایەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دژکردەوە و نارەزایەتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، بەڵام کونفرانسەکان بە بێ بەشداریی کورد بەڕێوە چوون!
کورد لەو شەڕەماڵوێرانکەرەی تووشیان کردووە، تەنانەت دانی چەکی پێویستی پێ ڕەوانابینرێ و ئەو چەک وچۆڵانەی دەشی دەنێ، بە ئیزن و لە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئانکارا، تاران و بەغدادا بۆی دەنێردرێت!!

کورد هەر ئێستا بۆ درێژەدان بە شەڕ و بەرگری لە مان و مەوجوودییەتی خۆی، چاو لە دەستی حکومەتەکانی داگیرکەری کوردستانە. وڵاتانی ڕۆژئاوایی تەنانەت لە بواری نیزامیشەوە یارمەتیی پێویست بە کورد ناکەن و بەکردەوە چارەنووسی کوردیان داوەتە دەست ڕێژیمەکانی تورکیا، ئێران و عێراق!
کە دەگەینە پرسی سیاسی، ئەوەی دەیبینین و دەیبیسین، نەک هەر پشتیوانیەکی ئەوتۆ لە پرسی سیاسیی کورد نەکراوە، بەڵکوو لە زۆر بواردا کورد ناچار بووە لە بەشێکی ئەساسی لە ماف و داوا ڕەواکانی لە بەرامبەر حکومەتەکانی نەیاری خۆیدا پاشەکشە بکا!
ئەو ڕاستییانە دەبێ بگوترێن بۆئەوەی کورد تووشی وەهم و گومان نەبێ و ڕێگاچارەیەکی بنەڕەتی بۆ پرسەکەی خۆی بدۆزێتەوە.
نە گلەیی کردن و تاوانبارکردنی ئەم و ئەو پرسی کورد چارەسەر دەکا و نە بەخۆداهەڵکوتن. ئەوەی گرنگ و پێویستە ئەوەیە کە کورد بیر بکاتەوە و بزانێ بۆخۆی چەندە لە دروستبوونی ئەو دۆخەدا بەرپرسە و بۆچی نەیتوانیوە ئەو دەرفەت و ڕۆڵە نیزامیەی دەیگێڕێ، بیکا بە دەسکەوتی سیاسی؟
لە مێژە ئەو ئەسڵە لە دیپلوماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا جێگیر بووە کە «سیاسەتی دەرەوە لەنێوخۆوە دەست پێدەکا». بەواتایەکی دیکە، بناخەی سیاسەتی دەرەوەی سەرکەوتوو لە نێوخۆوە دادەڕێژرێت: مانای ئەو ئەسڵەش ئەوەیە کە بۆ ئەوەی لە دەرەوە و لە ئاستی جیهانیدا بەهەند وەرگیرێی، پرستیژت بچێتەسەر، کاریگەریت لەسەر ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان هەبێ و لە پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بتوانی بەرژەوەندییەکانت بپارێزی، پێویستە لەنێو خۆت و کۆمەڵگای خۆتدا تەبایی، هاوپێوەندی، سەقامگیری و ئەمنییەت دابین بکەی و خاوەن ڕەوایی دێموکراتیک بی واتە

دەنگ و پشتیوانی خەڵکی خۆتت لەپشت بێ.
لایەنە کوردستانیەکان پێویستە وەدیهێنانی ئەو ئەسڵە بکەنە خاڵی سەرەکیی ئەرک و تێکۆشانی سیاسیان.
ئیرادەی سیاسیی لایەنەکان دەتوانێ خاڵە لاوازەکان لە بوارەکانی سیاسی و نیزامی و بەرگری، چارەسەر بکات. بەڵام ئێرادەی سیاسیی پیویستیی بە ئیستعدادی سازان و ڕێککەوتن و یەکهەڵوێستیی هیزە سیاسیەکان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی کورد هەیە.
ئەگەر بۆ چارەسەریی کێشە و کۆسپەکان خێرا هەنگاو هەڵنەگیرێتەوە و چارەسەر نەکرێن، کورد ڕەنگە دەرفەتەکەی لە کیس بچێ و نەتوانێ ئەو دەورە نیزامییەی ئێستا گرتوویەتە ئەستۆ، بۆ دابینکردنی دەستکەوتی سیاسی و نەتەوەیی کەڵکی پێویستی لێوەرگرێ.
نابێ ئەو مەترسیە بە نامومکین دابنرێ کە جارێکی دیکە پرسی کورد بکرێتە «وجەالمصالحە»ی نێوان ڕۆژئاوا و وڵاتەکانی دابەشکەری کوردستان لەسەر «پرسی گرنگتر»!
کورد دەبێ سیاسەت و ستراتیژیەکی یەکگرتوو ڕەچاو بکات بۆ ئەوەی لە ئاڵوگۆڕەکان و داهاتووی ناوچەدا وەک فاکتورێکی سیاسیی بەهەند بگیرێت و وەکوو پرسێکی سیاسی تەعامولی لەگەڵ بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.
لەو هەلومەرجە ناسک و چارەنووسسازەدا کورد بەرگەی دووبەرەکی و چەندبەرەکی ناگرێ. نەتەوەی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیی خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێک تایەبەتمەندی و خاڵی بەهێز و پوتانسیەلە کە دەکرێ بە یەکگرتووی و هاوکاریی بۆ چارەسەریی پرسی سیاسی کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێت:
• ئەورۆ بیروڕای گشتیی دەورێکی کاریگەر و شوێندانەر لە سەر چۆنیەتی هەڵویستگرتن و داڕشتنی سیاسەتی وڵاتە بڕیاربەدەستەکان،

دەگیرێ.

ئەوەی کە کورد دابەش کراوە و لە ناوچەدا وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە سەرەتایی ترین مافەکانی بێبەش و قوربانی سەرکوت، هەڵاواردن و توندوتیژیە، سۆز و هاوپێوەندی بیروڕای گشتیی جیهانی لەگەڵە. بەتایبەتی دابینکردنی ئەمنییەتی نیسبی و پاراستنی ماف و ئازادی کەمایەتیە ئیتنیکی و مەزهەبیەکان لە هەرێمی کوردستانی باشوور، سەرنجی بیروڕای گشتی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و ئیعتبار و پرستیژی کوردی بردۆتە سەرێ.

• خەباتێ نەتەوەیی کورد خەباتێکی ئاشتیخوازانەیە و داخوازەکانی کورد رەوا، دێموکراتیک و لە چوارچێوەی جارنامەی مافی مرۆڤ و رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان دا جێ دەگرن. داخوازەکانی نەتەوەی کورد بۆ هیچکەس نامۆ و بێگانە نین.

• بەپێچەوانەی کورد، رێژیمەکانی ئەو وڵاتانەی کورد دەچەوسێننەوە، لە بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بە حکومەتگەلێکی دیکتاتوری، نامۆ و نەگونجاو لەگەڵ دێموکراسی و مافی مرۆڤ و سەرچاوە و ماکەی ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیریی لە ناوچەکەدا دەناسرێن.

• دەوری ئەرێنیی کورد لە ناوچە دا. کورد بەشێکە لە چارەسەری کێشەکانی ناوچە و لە هەر جێگایەک دەرفەتی پێ درابێ عاملی ئاشتی، ئەمنییەت و سەقامگیری بووە و سەلماندوویە کە لە بواری ریزگرتن لە ئازادی و دێموکراسی لەناوچەدا، لانیکەم لە جیرانەکانی خۆی لەپێش تر و لیبراوتر بووە.

• گرنگیی ستراتیژیکی کوردستان لە بەرنگاربوونەوەی دیاردەی تیرۆریزم. خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و ئازایەتی و لەخۆبردوویی پێشمەرگە، گریلا و شەرڤانانی کورد بەدوای هێرشی «خەلافەتی

ئیسلامی» بۆ سەر کوردستان، لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا پڕستیژ و ڕەوایی تایبەتی دا  بە کورد و پرسی کورد ڕەهەندێکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە. لەو شەڕەدا لە دژی تێرۆر، کورد وەکوو شەریک و هاوپەیمانێکی لێبڕاو و جێگای متمانا خۆی دەرخست.

• لە بواری ئابوورییەوە، کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن سەرچاوەی بەربەرینی ئینرژییە.

• کورد سەرەڕای دابەشبوونی بەسەر چوار وڵات دا و سەرەڕای ژمارەی زۆری حیزبە سیاسییەکانی و سەرەڕای پڕشووبڵاوی هێزە سیاسییەکانی، لە خەباتی خۆیدا خاوەنی دروشمێکی هاوبەشی گرنگە: ویست و داخواز و ئامانجی سەرەکی خەباتی کورد لەهەر چوار بەشی کوردستان دا، خەبات بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە.

خەباتی ئازادیخوازانەی ئەوڕۆی کورد لەهەر چوار بەشی کوردستاندا ئیدی وەکوو رابردوو بە سەر ئیدئولۆژی جۆراوجۆردا دابەش نابێ، بەڵکوو کورد بەگشتی لە سەر خەباتی نەتەوەیی، بەشێوەی جیاواز، ساغ بۆتەوە.

ئەو راستیە هەم سازان و ڕێککەوتن لە نێو ماڵی کوردی هاسان دەکاتەوە و هەمیش پرس و داخوازی کورد بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی لە جاران زیاتر روون و ئاشکرایە و ئەوە دەتوانێ دوستان و لایەنگرانی پرسی کورد لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و هەوڵەکانیان کاریگەرتر ڕێکبخا.

**پرسی رزگاریی نەتەوەیی دەتوانێ ببێتە هەوێنی یەکهەڵوێستی و ستراتیژیەکی نوێی کورد**

هێزە سیاسیەکانی کورد دەتوانن ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە بکەن بە دەسپێک و بناخەی دارشتنی ستراتیژی و سیاسەتێکی نوێ، بەمەرجی هێنانەدی ئەو ئەرکانەی خوارەوە:

* هەوڵی لیبراوانە بۆ سرینەوەی پاشماوەکانی کاریگەریی کولتووری داگیرکەر و چەوسێنەرەکانمان لەنێو خۆماندا و جێگیرکردنی کولتوورێکی سالم، مودێرن و دیموکراتیکی سیاسی.

حیزبە سیاسیەکانی کورد، بۆ پەرەپێدان بە دیموکراسی هەم لە نێو ریزەکانی خۆیان و هەم لە پێوەندی لەگەڵ یەکتر، پێویستە لیبراوی و ئازایەتی زیاتر لە خۆیان بنوێنن.

خۆراهێنان و رەچاوکردنی ئوسووڵ و مناسباتی دیموکراتیک، نەک هەر کاریگەرترین ئامراز و دروست ترین ریگایە بۆ دابینکردنی یەکیەتی و یەکگرتوویی لە نێوان هیزە سیاسیەکانماندا، بەڵکوو بەکارترین ئامرازە بۆ بەرگریکردن لە دەستێوەردانی نەیاران، پێشگرتن لە رادیکالیزم و ئاڵۆزی و دابینکردنی ئەمنییەت و تەبایی لە کۆمەڵگا دا.

* کورتکردنەوەی دەستی رێژیمەکانی نەیاری کورد لە کوردستان. بەتایبەتی ئاواڵەبوونی دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەستێوەردانی ئاشکرا و راستەوخۆ لە کاروباری نێوخۆی هەرێمی کوردستان و ئاژاوەگێری و دووبەرەکی نانەوە بە مەبەستی ناسەقامگیرکردنی کوردستان، دەسەڵات و سەروەریی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە ژێر پرسیار و بۆتە هەرەشەیەکی جیددی بۆ مەوجوودییەتی دەسەڵاتی کوردی.

* وەسەریەکخستنی هیزی پێشمەرگە لە کوردستانی باشوور و

دامەزراندنی سوپایەکی حیرفەیی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا، پێداویستیەکی حەیاتیە، هەم بۆ خەباتی نەتەوەیی و هەم بۆ سەرکەوتن لە شەڕی دژی تیرۆریزم دا.

* رەخساندنی دەرفەت و ئیمکانات بۆ پێکهاتن و پەرەسەندنی دامەزراوە دیموکراتیک و مەدەنیەکان.

* گرنگی پێدان بە ئەمنییەت، ئازادی و پاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتە ئیتنیکی و مەزهەبیەکانی نیشتەجێ لە کوردستان.

* دارشتنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان. رزگارکردنی ئابووریی کوردستان لە بەستراوەیی بە نەوت و خۆدەربازکردن لە ئابووریی یەکبەرهەمی و هاوکات بەرەنگاربوونەوەی لێبڕاوانە دژ بە گەندەڵی.

بردنەسەرێی ئیعتبار و کەسایەتیی سیاسیی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا و هەروەها بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئاسایش و داهاتووی پرسی کورد گرێدراوە بە هەنگاوهەڵگرتن و سەرکەوتن لەو خاڵانەی سەرەوەدا کە پێوەندی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە.

لە کۆتاییدا بەجێیە ئاماژە بە ئەزموونێکی مێژوویی و سەلماو بکرێت: بۆ خەباتی رزگاریخوازی لە دژی زۆرداری و داکۆکیکردن لە مان و مەوجوودییەتی گەلێکی چەوساوە، پارە و چەک باش و پێویستن، بەڵام بەتەنیا و لە جێدا نابنە هێزێک کە دەستکەوتی سیاسیی گرینگ، ئازادی و سەرکەوتنی پێ وەدیبهێندرێ.

ئەوەی ئەڕۆ پێویستە و دەبێتە هێزێکی کاریگەر، جووڵانەوەی رزگاریخواز دەکا بە فاکتورێکی سەربەخۆ و یەکلاکەرەوە لە هاوکێشە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان دا، رەوایی و پشتیوانی نێونەتەوەیی وەدی دێنێ، دەتوانێ بەقازانجی جووڵانەوە کەڵکی دروست لە پارە

و چەک وەربگرێ و سەرەنجام ئازادی و ئامانجی سیاسیی پێ دابین و دەستەبەر دەکرێ، ئەوە مسۆگەرکردنی پشتیوانی خەڵکی خۆت، تەبایی و خەباتی یەکگرتووی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کەش و هەوایەکی دێموکراتیکدا و بوونی هاوپەیمانە.

کورد ئەو توانا و زەرفییەتەی هەیە ئازایانە بەخۆیدا بچێتەوە، پشت بە هێزی خۆی ببەستێ، دێموکراسی لەنێو خۆیدا پەرەپێبدا و بەوشێوەیە یارمەتی یەکلاکرەوە بدا بە گۆڕانی تێڕوانین و هەڵوێستی بیروڕای گشتی و ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهانی بەقازانجی کورد و بە سەرکەوتن و داهاتووی خۆی هیوادار بێ.

تیشک

# داهاتووی کورد
# لە ستراتیژی وڵاتاندا

سەدیق بابایی

کاردانەوەی سیاست و هەڵوێستی رابردووی وڵاتانی زلهێز هەمبەر کورد و داواکاریە سیاسیەکانی لە تەنیشت ئاڵوگۆری خێرای ئەم سەردەمە لە جیهان و ناوچە بە تایبەت پاش کارەساتی ١١ی سپتامبری ئەمریکا لە دیمەنی رۆژانەی وڵاتانی وەکوو خۆرهەلاتی ناوەڕاست تا بەشیکی بەر چاوی ئافریقا لەوانە: سووریا، عێراق، ئەفغانستان ، لیبی، میسر ، یەمەن ، ئێران، پاکستان و تورکیا لە کەس شاراوە نیە.
هاوشان لە گەڵ ئەم ئاڵۆزیانە ململانێ بۆ دەست خستنی پشکی زیاتری دەسەڵات هەم لە لایەن ئاکتەرە ناوچەییەکان و هەم گەورە دەسەڵاتەکانی جیهان تادێت زیاتر، بەڵام بە شیوازی نوێ و پشت بەستن بە تەکنیکی هەرە پێشکەوتوو تا ئاستی کەڵک وەرگرتن لە هێزی ئەودیوی سرۆشت واتە باوەڕە ئاسمانیەکان لە لایەن وڵاتانی لاواز و بێ توانا لە باری تەکنیک هەراوی خێرای تێپەڕاندوە.
لە قەراغ شەڕی بەرژەوەندی و سەقام بەخشین بە دەسەڵات لە سەر گۆی زەوی هەر یەک لە گەورە دەسەڵاتەکان پەل ئاژۆتن بەرەو قووڵایی ئاسمانەکان ـ یان تێ پەڕاندوە .
لە دەوروبەری ناوچەکەی ئێمە بۆ پەرە دان بە کوێخایەتی لە ژێر سێبەری ئاغا مەزن و مەزنتر بووەکانی پێشوو نەیارانی کورد لە هەوڵی چەسپاندنی زێدەتری دەسەڵات دان.
مل بادانی دەسەڵاتی تورک لە ئانادۆڵ ، ددان چیڕ کردنەوەی ئاغای ئەردۆغان بەرانبەر چاوەڕوانی رۆژئاوا و ئەمریکا، سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی و پێوشوێنگرتنەوەی رابردوو (شای رەحمەتی)وەکوو ژاندارمی خەلیج و چەند شەقام واوەتر

هەنگاو هەڵێنان و پەلو پۆ هاوێشتن بۆ نێو دەسەڵاتی بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ئەنجامی تەشەنە سەندنەوەی ئایین کە ئاغای خۆمەینی رچەشکێن و دەسەڵاتخوازی بە هێزی یەکەمی ئەم گۆرەپانە پاش هەرەسهێنانی عۆسمانی و سەفەوی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین دەژمێردریت. بەرە بەرە ناوچەکەی لە شەڕێکی هاوچەشنی شەڕی جیهانی، بەڵام نافەرمی لە رۆژهەڵاتی ناڤین تێوە گلاندوە.

لە بارو دۆخی بەر هەم هاتنی کێڵگەیێکی خوێناوی ئەوتۆدا و بە تایبەت پاش تێپەڕکردنی هەشتا ساڵ لە عۆمری سیاسەتی دابەشین لە دوایین قۆناغی پاش شەڕی جیهانیی دووهەم کورد توانی خۆی لە گێژاو و قەیرانی پڕ لە مەترسی نەمان و توانەوە تا ڕادەیەک رزگار بکات .

لە نێو قوولایی ئەم ئاڵۆزیە فرە رەهەندەدا وێرای نوقم کرانی کورد لە فرمێسکدا جار نەجار ترووسکەی گزنگێکی کزی هیوا بەخش لە لووتکەی ناهومێدیی کورددا خۆی دەنواند . داخی گران شەختە و شەڵتەی سیاسەتی رابردوو هەمدیس لە دوو توێ سازانی مێژوویی لە گۆڕان نەهاتووی رابردووی نێوان وڵاتانی مەزن و نەیاری ناوچەیی کورد لە لایەک و کەلێن و قوژبنە پڕ نە کراوەکانی نێوخۆی سیاسەتی کوردی لە لایێکی تر، گۆڕانکاریی بنەرەتی لە بەسەرهاتی ئێمە تووشی کزی و وەستانی دووبارە هاتوە!

بەردەوامبوونی باڵکێشانی سیاسەتی مەینەتباری وڵاتانی دەسەڵاتداری جیهان و پشت گوێ خرانی داواکاریی کورد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانە زاڵمانەکانی لۆزان و سازانیان لە گەل

دەوڵەتە دەستکردەکانی خۆیان بۆ بێ ماف هێشتنەوەی کورد هەوڵی خەباتکارانی ئەم بوارەی بێ ئاکام هێشتوەتەوە. دیارە دووبارە و سەدبارە وتنەوەی ئەو ڕاستیە کە کورد بۆ خۆی دەوری زیانباری سەبارەت بە دۆزە رواکەی گێڕاوە لە جێدایە.
دەکرێ لە درێژەی سیاسەتی باس کراو ئیشارە بە چەند وێنەی لە بەردەست بکرێ؛

**چاو گێڕانێک بە سەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەمریکا و هاویمانانی هەمبەر کوردستان و دۆزە سیاسیەکەی ؛**

کەم تا زۆر مێژووی کوردستان ئەو ئاکامە ئاشکرا دەکات کە رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی لە هەلومەرج و کات و ساتی جیاوازدا، سنووردار و مەبەستدارو لە چوارچێوەی گرێدراو بە ئاسایشی گشتیی خۆی یارمەتیی چەک و چۆڵی بە کورد کردووە.
بەم چەشنە وێدەچێ هەوڵی سەرکۆنە و خستنە ژێر گوشاری ئەو لایەن و دەوڵەتانەی دابێت کە لە ئەنجامدانی بەڵێن و پەیمانەکانیان بەرانبەر ئەوان ( ئەمریکا و رۆژئاوا) کۆتاییان نواندووە.
بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی ئەوتۆ وێڕای قازانجی بەرتەسک و کورتخایەن بۆ کورد برینی قووڵی لە سەر جەستەی خەبات و داخوازییە سیاسیەکانی بە جێ هێشتوە.
لە دەیەکانی ١٩٢٠ی زایینیدا بریتانیای مەزن کوردی هاندا تا بە دژی تورکیا راپەڕێ، بەڵکوو هاوسەنگیی نێوان عێراق و تورکیا بە مەبەستی ئاوەڵە هێشتنەوەی دەرەتانی دەستدرێژیەکانی

خۆیان لە مووسڵ و ناوچە نەوتاویەکانی کەرکووک تێکبدەن .
هاندانی کورد بۆ وەستان و بەربەرەکانێ لە گەڵ سەدام حوسێن کاتی پڕ چەک کرانی ئەم وڵاتە لە لایەن سۆڤیەتی پێشوو بە گوێرەی کێبەرکێ کانی نێوان رۆژئاوا و ئەمریکا دەگەڵ شوورەوی ، دابەشکردنی ناوچە و وڵاتەکان و بلووکبەندی ناسراوی ئەوکات لە پێناو بۆ وێنە : دابین کردنی داخوازییەکانی شا ( شای ئێران) ، لە ساڵەکانی ١٩٧٠ دا. بە دەست هێنانی چەند ئامانجێک کە قوربانی کردنی کورد لەو پێناوەدا لانی کەمی دەستکەوتی دژبەرانی دەژمێردرێت.
ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە ئاکامی زێدەخوازیەکانی حکومەتی سەدام حوسێن و دەستدرێژی بۆ سەر کوەیت، رەوتی قازانجی ئەمریکا تووشی تێکچوونی پارسەنگ دەبێت . بەم بۆنەوە نێوانگرژیی زێدەتر دەکەوێتە نێوان بەغدا و واشنگتۆن . ئەمە بۆ خۆی ئەنجامی هەڵکردنی جۆرە چراسەوز و هەڵسوکەوتێک دەبێ ئەمریکا بۆ پەرەدانی خەباتی کورد لە عێراق نیشانی دەدات .
بێ وەڵام هێشتنەوەی داخوازیی ئەمریکاییەکان دوابەدوای کارەساتی یازدەی سپتامبر( وڵاترەید سەنتر)، لە دەسپێکی هێرشی زەمینی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکا بۆ کەڵک وەرگرتن لە خاک و ئاسمانی تورکیا بە دژی دەسەڵاتی سەدام حوسێن، بێ وەڵام مانەوەی ئەم چاوەڕوانیە رووی ئاوڕی زیاتری لەشکری ئەمریکا بەرەو هێزی پێشمەرگە و خاکی کوردستان وەردەسووڕێنێ .
هەرچەند کورد لەم هەلە کەڵکی رێژەیی وەرگرت، بەڵام لە سیاسەتی پێشووی ئەمریکا بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی سیاسی و

گۆڕینی تێڕوانینی کۆن هیوایەک نەهاتە دی.
دامەزراندنی حکومەتی نوێی ناوەندی بۆ عێراق بە بێ پاڵپشتی چارەسەری ڕیشەیی کێشەی کورد، مەودانەدران بە کورد بۆ دەسەڵاتدارەتی بە سەر بەشێکی بەرچاو لە نیشتمانە داگیر کراوەکەی کە دواتر بە « ناوچە کێشەلەسەرەکان» ناودێر کرا لە پاڵ زۆر هەڵویستی تر لە سەریەک هەر چەند کێشەی کوردی لە عێراق قۆناغێک بەرەو پێشتر برد، بەڵام نە لە تێڕوانین و سیاسەتی عەرەب ئاڵوگۆڕی پێویست جێی گرت و نە خەونی کوردستانیان لە هاوپەیمانی یەکلایەنە لە گەڵ ئەمریکا بەرهەمی دڵخوازی لێ کەوتەوە.
سەرەڕۆیی دەسەڵاتی ناوەندی نوێی عێراق ، لاساری و بێدەنگی کردنی ئەمریکا و درێژەدان بە سیاسەتی کۆن لە رۆژهەڵاتی ناڤین هاوشان لە گەڵ راپەڕینە یەک لە دوای یەکەکانی نێو وڵاتانی عەرەبی، عێراق، سووریا بە تایبەت لە درێژەی خۆیدا ناوچەکەی بەرەو رووی ئۆختاپووسێکی ترسناک بە ناوی « داعش یان دەولەتی ئیسلامی» کرد .
پێداگریی ئەمریکا بۆ پشتیوانی دەوڵەتی ناوەندی لە عێراق سەرەڕای لەبەرچاونەگرتنی خاڵەکانی ڕێککەوتن لە گەڵ کوردستان و پەراوێز خستنی بەشی هەرەزۆری عەرەبی سونە لە گەڵ شێلگیر نەبوون و نیشان نەدانی هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بە دژی توندو تیژیی بەر بەرینی بەشار ئەسەد لە سووریا، هاوکات لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتی نووری مالکی بەرەبەرە کێڵگەی لەبارتر بۆ سەرهەڵێنان و تەقینەوەی یەکجاری بەشی عەرەبی سونەی نەیاری شێعەی هاودەستی ئێران و دوژمنی

پێشوو ساز و تەیار کرا.
دەست بەسەرداگرتنی چەک و جبەخانەیەکی زۆر و مۆدێرنی ئەمریکایی لە گەڵ سەدان میلیۆن دولار پارەی بانک لەو شارە عەرەب و سونە نشینانە کە ئەرتەشی عێراقی شێعە بە بێ بەرەنگاری تەسلیمی داعشی کرد، دەسەڵاتێکی نابەرپرس و نافەرمی و سەرەڕۆتری لە سەر خاکی وڵاتی لێک پچراوی سووریا و عێراق دامەزراند.
لە گەڵ ئەوە کورد لەم بزاوە نەکاوەی عەرەبی سونە بۆ لە ئامێزگرتنەوەی بەشێکی زۆری خاکی بە دەیان ساڵ داگیرکراوی خۆی کەڵکی باشی وەرگرت  نیشانەکان لەوە دەچوون تەشەنەسەندنی زیاتری کێشەی داعش رووی بەرەو بەغدای پایتەخت بێت، بەڵام وێ دەچێ  بە هۆی ساتوسەودا و پلانی دوژمنکارانەی نوێ بۆ نەزۆک کردنی خواست و ئارەزووی کورد بە جارێک وەرچەرخانی گەورە لە بەرنامەی داعش بۆ دەسپێکی دڕندانەترین هێرشی بەر بڵاو بەرەو داگیرکردنی خاکی کوردان بە شێوازی سەردەمە کۆنەکانی هێرشی سەرەتای ئیسلام قۆناغی تازەی پاکتاوی کورد خرابێتە  رۆژەڤ .
کورد ئەمجارە لە پانتاییەکی کەم وێنەدا کەوتەبەر پەلاماری فەوتان و قڕ کرانی یەکجارەکی. ئەمریکا و پاشتر هاوپەیمانانی بە زانست و ئاگاداربوون لە مەترسیەکانی دواتری ئەم پلانە کە لە کونترۆڵی خۆیان چووبوەدەر. لە پێوەندی قازانجی دوارۆژ و ئاسایشی وڵاتەکەیان بە ناوی پارێزگاری کوردی بێ دەرەتان ئەمجارەیان لە رێگەی ئاسمانەوە  پەلاماری داعشیان خستە نێو بەرنامەی کاری خۆیان و لە لایێکیترەوە بڕیاری پۆشتەو

پەرداخ کردنی ڕێژەیی کورد بە مەرجێک پاڵپشت بێت بۆ سەقام بەخشین بە دەسەڵاتی لەرزۆکی ناوەندی شێعە لە بەغدا گونجاند

ئەوەتا دیسان کورد رەنگە ئەمجارەیان بە پێی بەرنامەیەکی توخمەتر ئاوقەدی تراژدیاگەلێک کرابێتەوە کە وێدەچێت فرە رەهەندتر لە جاران و پان و بەرینتر بێت. ئەم گوشارە تاقەت و وزە فەوتێنەرە لە چەندین لاوەوە کورد و دوارۆژی ئەم گەلەی دە جەنجەڕ توند کردووە. کورد بە جۆرێک ئیستا دەوری ناتۆی بێ حەق و مز بۆ ئەمریکا، ئۆروپا و بە وتەیێک جیهان بە گشتی دەگێرێ.

گۆشەگەلی قووڵایی بەرفراوانی کێشەساز کراوەکان بۆ کورد بە وردبوونەوە لە سیاسەتی هاوشان و وێکچووی بە نێو دۆستانی پشتیوانمان تا رادەیەک لە فام کردنی کەم و زۆر دووپات بوونەوەی سیاسەتی رابردوو نزیکمان دەکاتەوە. هەڵبەت جیاوازیی سەردەم و ئاڵوگۆڕە جیهانیەکان ئەوەیان سەلماندوە. پێداچوونەوە بە جمووجووڵە هەنووکەییەکان لە قەراغ پارێزگاری لە جەوهەر وبنەڕەتی سیاسەتی کۆن دەبێ سەرنجی تایبەت بخاتە سەر هێندی لایەنی دژەباو ، رووکاری و سنووردار لە ژیان و جۆری گوزەرانی خەڵکانی ژێردەستە کراوی وەکوو کورد .

بۆ وێنە سەرەڕای پێوەندیی رەواڵەتیی کورد لە گەڵ ئەمریکا ڕێبەرانی ئەم خەڵکە وەکوو بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆکی ڕێکخراوی یەکیەتی نیشتمانی و بەڕێز مەسعود بارزانی ڕێبەری پارتی دێمۆکراتی کوردستان ـ عێراق تا ٢٠١۴,١٢,١٢ لە ریزی لیستەی تێرۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا مابوونەوە لەم

لیستەیە دەردەهاوێژرێن !
هەڵبژێرانی مام جەلال بە ماوەی دوو دەورە بۆ سەرۆک کۆماری لە حکومەتی دەستکردی ئەمریکا لە بەغدا و دەسنیشان کرانی دیسان رەوالەتی کورد وەکوو هاوپەیمان لە شەڕی دژەتیرۆر پێش و پاش رۆخانی دەسەڵاتی بەعس هیچیان کاریگەری بۆ پێداچوونەوە بە مەسەلەی بە تیرۆریست ناسینی رێبەرانی کورد نەنواندبوو!.
نێوەڕۆکی ئەم سیاسەتە دەربڕی ئەو راستیە حاشاهەڵنەگرەیە کە تا ئیستا لە سیاسەتی داڕێژراوی ئەمریکادا کورد وەکوو میلەتێکی ژێرستەم بۆ رزگاری لە مەینەتیی بەسەردا سەپێندراوی دەستی ئەوان خاوەن ماف لە دیاریکردنی چارەنووس و دەست نیشانی تەشکیلاتی سیاسی و ئێداری ناناسرێت. بە واتاییێکی تر کەسایەتیی حەقیقی و حقووقی سیاسی و سەربەخۆی دەیان میلیۆن مرۆڤ کە خاوەنی فەرهەنگ و خاک و نەریتی خۆیان بە درێژایی مێژوون، دەبێ گرێدراو و ژێردەستەی دەسەڵاتە ناوەندیەکانی زاڵ کراو بە سەریاندا بمێنێ .
پەیمان و گرێبەستی نارەوای سەپێندراو پاش شەڕی دووهەمی جێهانی لە رۆژئاوا تا سۆڤیەتی پێشوو و رووسی ئێستا بە قەوەتی خۆیان دژ بە ماف و ئازادیی کورد پارێزراو ماونەتەوە. هەرچەند دەسەڵاتی تورک یان فارس و عەرەب درێژە بە کوشتاری کورد بدەن، بە ملبادان و دم خوارکردنەوەی زەق لە ئاست داوا و چاوەڕوانیی ئەمریکا و رۆژئاوا درێژەبدەن « کوردی هاوپەیمان بە دژی تیرۆر» دەبێ هەمدیسان هەر بە زامی پەیمانی لۆزانەوە بنالێنی.

ڕێبەران و ڕێکخراوە خەباتکارەکانی کورد دەخرێنە لیستی تێرۆری دەوڵەتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، بەلام بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا ویڕای کوشتنی پتر لە سەد هەزار مرۆڤ وەکوو سەرۆک و ئەندام لە ڕێکخراوی جیهانیی نەتەوە یەکگرتوەکان حورمەتی دەپارێزرێت. کۆماری ئیسلامی هەر چەند سنووری تێرۆر بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەبڕێ و بە بەڵگە لە ئاڵمان لە سەر دەسەڵاتدارانی تاران بڕیاری تێروری کوردان دەسەلمێندرێ، بەڵام دیسان ڕۆژانە دەستیان لە نێو دەست دەنێن و کەمترین ئاوڕ لە کوشتاری ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتیان نادەنەوە!

کاتی شەڕی کەنداو، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش وادەی دابەزاندنی نەزمی نوێی جیهانی بە سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی ڕاگەیاند. لە بەشێکی ئەم دەقەدا پێداگری بۆ سەقام بەخشین بە دەسەڵاتی یاسا و نەهێشتنی توندوتیژی، چارەسەریی ئاشتیخوازانەی ناکۆکیەکان و حورمەتدانان بۆ مافی مرۆڤ لە سەرووی سیاسەتەکانی ئەمریکا جێگر دەکات.

پاش نزیک بە دە ساڵ لە دەرچوونی ئەم بڵاقۆکە جێی پرسیارە، ڕاگەیێندراوەکەی سەرۆک بۆش حکومەتی ناوەندی عێراقی دوای سەدام حوسێن کە بە پاڵپشتی تەواوی ئەمریکا دامەزرا و بە هەموو کەرەسە و چەکی مۆدێڕن پۆشتە وپەرداخیان کرد، حکومەتێکی سەرەڕۆ کە تا ڕادەی بڕینی نانی پێشمەرگە ( بە ئیرادەترین جەنگاوەری دژ بە تێرۆر)، کۆتایی نەکرد تا چەندە بۆ دابەزاندنی مەنشوورەکەی جۆرج بۆش هەنگاوی هەڵێناوە ؟ داخوا داکۆکیی پەیتا پەیتای ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە حکومەتی

ناوەندیی شیعەی عێراق بۆ سوور بوونی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە بەردەوامی پاڵپشتی کردنی ملهوڕانی ناوچە ناگەڕێتەوە؟
سەرنجدانێکی کورت بۆ دان پێدانانی هێنری کیسینجر وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا ( ١٩٧٣تا ١٩٧٧) لە پێوەندیی رادەست کردنی کورد بەرەو هەڵدێرگەی نەمان و پڕ لە کارەساتی خوێناوی کە ئاکامەکەی پەیمانی ئەلجەزایری ١٩٧٥ بوو، گۆشەیەکی تر لەم سیاسەتە پاش تێپەڕکردنی بیست ساڵ بە سەریدا دەخاتە سەرپشت .

ناو هاتی دەڵێ: «وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرەڕای نرخدانان بۆ ئۆتۆنۆمیی گەلان هیچ چەشنە بایەخێک بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردەکان ڕەچاو ناکا.»!!
چل ساڵ دوای فەرز کردنی ئەم بەسەرهاتە سامناکە بە سەر کورددا، ئەمریکا، رۆژئاوا و زۆرێکی تر لە وڵات و سیاسەتمەدارانی بە ڕەواڵەت دژبەری تیرۆر لە گەڵ ئەوە ئەمجارەیان هەموو ئێقرار بە دەوری پێشەنگایەتی کورد و پێشمەرگەکانی دەکەن و پێ لەوە دەنێن کە کورد لە جیاتی دونیا شەڕی تیرۆر دەکات، بەڵام هاوکات لە کۆنفرانسی رێکەوتی ٢٠١٥,١,٢٥ی لەندەن بە بەشداری ئەمریکا بۆ قسەکردن لە سەر تیرۆر و تاوتوێکردنی بەرئەنگار بوونەوە لە گەڵ تیرۆریستانی ناسراو، رێگە بە کورد و نوێنەری بۆ بەشداری نادرێت. بە پێچەوانەوە عەرەبێکی کوردکوژ و نان بڕی پێشمەرگە وەکوو دەسەڵاتداری ناوەندی و خاوەن دەوری سەرەکی لە سەرهەڵدانی تیرۆر( داعش) وەکوو نوێنەری کورد رادەگەیێنن. !! ئەمە وەڵامێکە بەرانبەر بە دەربڕینی

نارەزایەتیی سەرۆکی پێشمەرگە مسعود بارزانی  کە لە لایەن ئەمریکاوە دەدرێتەوە. بە واتاییێکیتری وەڵامی وتەبێژی کاخی سپی ئەوە دەگەیێنێت کە کورد جارێ لە سیاسەتی فەرمیی ئەواندا وەکوو پێشوو کەرەسەی گەیشتنی ئەوان بە ئامانج و قازانجە ئابووریەکانیان سەیر دەکرێت!

کورد و سیاسەتمەدارانی لە گەڵ ئەزموون کردنی لاساری و بێ بایەخ سەیر کردنی ماف و داخوازیە ئینسانیەکانمان بە هۆی بێ دەرەتانی نەک هەر توانای بۆ دژکردەوەی نەهێشتن یان کەم کردنەوەی ماڵوێرانی زیاتری دەستی ستەمکارانی نەبووە، بگرە بۆ مانەوە  و گیان دەربازکردن لەم گێژاوە تووش کراوە  دەستی بۆ هەموو پووش و پەلاشێک بردووە .

دەستێوەردانە خوێناویەکانی ١٩٦١ تا ١٩٧٥ لە پێوەندەی شەڕی سارد، کێشەی رۆژئاوا لە گەڵ سۆڤیەتی پێشوو و پڕ چەک کردنی دەسەڵاتی بەعس لە لایەن دەسەڵاتی کۆمۆنیستی شوورەوی ، سەقامگیر کردنی دەسەڵاتە ناوەندییە سازکراوەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین لەوانە  ئێران، تورکیا  و سعودیا لە لایەن ئەمریکاوەوە،  هەریەک لاپەڕەیەکی پڕواتا لە وتەی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانە!

لە درێژەی سیاسەت و رێبازی کۆندا، کۆتایی هاوینی ساڵی ٢٠١٤ دیسان لە ژێر ناوی پشتیوانی لۆجستیکی و ئاسمانی بەرگریکارانی کورد و پارێزگاری خەڵکی بێ دیفاع و بێ دەرەتانی باشوور  هەمبەر موسڵمانانی دەولەتی ئیسلامی (داعش)، و لە شکرە نیونەتەوەیەکەی خەلیفەی ئیسلامی هەزارەی بیست و یەکەم  لەوە دەچێ دەسپێکی نوێی کارەساتیکی بێ کۆتایی و

خوێناوی تر ئاوقەدی کورد کرابێت.
ئەگەر حکومەتی سەدام حوسێن بۆ سەرکوتی کورد سالآنی دواتر جاروبار بەرەورووی گازندەی کەم و زۆری وڵاتان دەبوو، ئەمجارەیان فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکا ژنراڵ دەمپسی لە یەکی ژانویەی ٢٠١٥ دا دەڵێ: « دەستێوەردانەکانی ئێران لە عێراق بۆ ئەمریکا گرفت بە حساب نایبت>.! ئەمە لە حالێکدایە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەراوێز خستنی ئارەزووی کورد و گەیشتنیان بە مافی رەوای مرۆیی شک و گومانی بۆ شارەزایانی دۆزی کورد نەهێشتووتەوە.
لە پەنای ئەم راستیەدا دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی هەمبەر خواستی عەرەبی سونە مەزهەبی عێراق و نواندنی توندو تیژیی هەراو لە دژی ئەم بەشە لە عێراقیەکان لە قەراغ بێدەنگی کردنی ئەمریکا خۆی بەشیکی دیار لە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و راپەڕینی هاوبەشی موسڵمان و کۆنە بەعسیەکانی عێراقی پێوە دیارە.
تەنگ هەڵچنین بە دەیان هەزار لە پرسۆنێل و ئەفسەرو دەرەجەداری هێزە چەکدارەکانی رێژیمی پێشوو لە مووسڵ، تێرۆری خەلەبان و هەولدانی ئێران بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە بری شەڕی پێشوویان لە گەڵ ئێران لە پەنا تێکۆشانی ئەلقاعێدە و دەیان گرووپی موسڵمانی سونە ونەیاری مێژوویی شێعە مەزهەبی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی سەرەڕۆ بە بێ سرنجدانی ئەمریکا بە خولْقانی کارەسات، پشێوانی لە دەوڵەتی ناوەندی دەوامی شێلگیرانەی دەبێت !!
تێڕوانینی بەردەوامی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وێڕای رووسیا

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە درێژەی دابەش کردنی زاڵمانەی خاک و نەتەوەی کورد بە سەر چەند وڵاتی جیاواز و دژبەری مافی ئەم گەلە و پشتگیری لە دەوام و بەقای دەسەڵاتی ملهوڕی وڵاتانی وەکوو عێراق، سووریا، تورکیا و ئێرانی شاهی و ئیسلامی لەوە دەچێ جارێ هەر لەسەر بنەمای پەیمانگەلی وەکوو لۆزان بڕوات.

**لە راپۆرتی CAI سازمانی هەواڵدەری و ئەمنیەتی ئەمریکادا (٢٢ خاکەلێوەی١٩٧٤) هاتووە ؛**

« ئێمە ئاگاداری ئەم مەسەلە هەین ئێران ئامادە نیە کوردستان خاوەنی دەسەڵاتیکی ئۆتۆنۆمی فەرمی بێت. قازانجی ئێران هەروەکوو ئێمە (ئەمریکا) لەوەدایە وەزعەکە وەکوو خۆی بمێنێتەوە. نە ئێمە و نە ئێران خوازیاری ئەوە نین ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەک لە شێوازەکان چارەسەر بکرێ .»

ڕەنگبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوشێوەی سەرەوە تەنانەت بەرانبەر نزیکترین دۆست و هاوپەیمان، ئەمریکا بۆ قوربانی کردنی لایەنێکی وەکوو ئێسراییل بیرهێنانەوەیەکی پێوەندیدار لە جێدا بێت.

لە گەرمەی شەڕی ١٩٧٣ عەرب و ئێسراییل حکومەتی بەعسی عێراق فەوجێک لە هێزە شەڕانیەکانی خۆی بۆ بەشداری لە دژی ئێسراییل ڕەوانە دەکات. لەوکاتەدا ئێسراییل، ئەمریکا و ئێران بە ڕەواڵەت یارمەتیدەری کورد لە شەڕدا بە دژی عێراقی بەعسی بوون. ئێسراییل هاوشان لە قیادەی سیاسیی کورد دەخوازێت بۆ ناچار کردنی عێراقیەکان لە گەڕاندنەوەی هێزەکەیان لە پشتەوە

زەبرێکی توند لە ئەرتەشی عێراق بوەشێنن.
هێنری کیسینجر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا( ١٩٧٣ـ١٩٧٧)، دوابەدوای ئاگاداربوون لە پلانی ئیسرایلی و داواکەی لە کورد بە حسابی ئەوە کە ئەگەر کورد لە وەشاندنی زەبرێکی ئەوتۆ سەرکەوتوو ببێت لە قازانجی ئەمریکادا نیە، ١٦ی مانگی ئۆکتوبری ١٩٧٣ لە رێگەی CAI کورد ئاگادار دەکەنەوە کە «ئێمە (ئەمریکا) بڕیاری ئێوە بۆ هێرشێکی ئەوتۆ لە سەر داوای ئیسراییل لە جێدا نابینین « .(٢)
راسپاردەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ پووچەڵ کردنەوەی پلانی هێرشی کورد لە سەر داوای ئێسرایل کاریگەری تەوای دەبێت.
وتەی کورتتر ئەوەیە هەوڵی دەستەمۆکردنی هێزە خەباتکارەکان و کەڵک وەرگرتن لێیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان مێژوێکی دوور و درێژ و لە بڕانەوە نەهاتووی تا رۆژگاری ئەمڕۆی پێوە دیارە.
وێنەیەکی تری سیاسەتی هاوشێوەی ١٤ی ئۆکتوبری ١٩٥٨ سەفیری ئەمریکا لە عێراق سەعاتی حەوتی سەر لە بەیانی لە تلگرافێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی خۆیان دەنووسی:» کۆمۆنیستەکان لە رێگای رێبەری( شوورەوی) هەڵگەڕێندراوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی بەڵگەیەکی بەرەندەتریان هەیە. بارزانی یازدەساڵی دوایی لە دەرەوی وڵات ( یەکیەتی سۆڤیەت) ژیانی تێپەڕاندوە. مەلا مستەفا بارزانی لە نێو زۆربەی کوردی عێراقدا خۆشەویستی و توانایێکی بێ کۆتایی بۆ تێکدانی سەقامی عێراق هەیە. لەبەر ئەوە پێمان وایە ئەمە گەورەترین مەترسی بۆ

سەقام گرتنی عێراق تەنانەت دەسەڵاتی قاسم( عەبدولکریم)، کۆمۆنیستەکان (کورد) دەبێت. « (٣)
لە بەڵگەیەکی نهێنیی تردا لە واشنگتۆن، یەکی خاکەلیوەی ١٩٦٢ دەنووسی : هێندی لە مەئموورانی خەفیەی(نهێنی) ئێمە مەترسیی سەرهەڵدانی دووبارەی کورد دەکەن. برێک لە دەوڵەتەکان، تورکیا ، ئێران و میسر بە ڕێبەرایەتی ناسر و لە سەرووپانەوە شوورەوی ئارەزوومەندن کوردەکان دنە بدەن. ئێمە وشیاریمان بە ئێران داوە کە خۆی لەم مەسەلەیە بە دوور رابگرێ، بەڵام ئەگەر شای ئێران( محمد رەزا پەهلەوی) بزانێت حکومەتی عێراق لە گەڵ ناسر (جەماڵ عەبدولناسر) نێوانیان باشە، رەنگە ئامۆژگاریەکانی ئێمە بە هەند وەرنەگرێت.»(٤)
دانا رۆراباکەر کۆنگرێس مەنی ئەمریکا لە لیستی کۆماریەکان و نوێنەری ویلایەتی کالیفۆرنیا لە خۆلی ٤٨ی کونگرە، پشتگوێ خرانی کورد لە لایەن ئەمریکا لە کۆنفرانسی لەندەن بە خیانەتێکی دیکەی ئەمریکا بە دۆستەکانی ناوزەد دەکات. چوونکە سەرەڕای ئەوەی کە بە وتەی ئەو ئەمریکا ڕێگای بە حکومەتی عێراق داوە مامەلەی ناتەندروست لە گەڵ کورد بکات، کورد وەکوو هاوپەیمانێکی راستەقینە لە گەڵ ئەمریکا مامەڵەیان کردوە و تاکە هێزبوون بتوانن ڕێگە لە داعش بگرن و رووبەڕوویان ببنەوە. ئەمە جگە لەوە کە نابێت رۆڵی کورد لە ئاشتی بۆ وڵاتانی دراوسێ لە بیر بکرێت. [لە وتەکانی سەناتور رۆراباکەر].
پشت بەستن بە رابروێکی ئەوتۆ کە هێزی بڕیاری خۆی لە گرێبەت و پەیمانە چەندقۆڵیە قازانج خوازانەکان و قوربانی

کردنی کورد لەم پێوەندیەدا بەستوە هەر چەند لە چەند مانگی رابردوودا هەر نەبی بازاری دیپلۆماسیی چەکدار کردن و پشتیوانیی لۆجستیکی بە رێژەیەک کەم سابقەتر هەر نەبێ بەرانبەری داعش لە کورد کراوە، بەلام دیسان لە بەر ئەوە کە ئاڵوگۆڕ لە بڕیارە سیاسیەکاندا بۆ ئاوڕدان لە پرسی کورد نەدراوەتەوە و هیچ یەک لە پەیمانە پێوەندیدارەکان بە دژی مافی ئەم گەلە بە فەرمی هەڵ نەوەشێندراونەتەوە لە بەر ئەوە داهاتووی سیاسی کورد جارێ لە تارمایی سیاسەتی ئەم ولاتانەدا مژاوی دەبیندرێ. جیا لەوە کە سەرکردەی سیاسی کورد بۆ خۆی لە ئاکامی پرشوبڵاوی نێوخۆییدا یارمەتیدەری پاش خستنی هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتە زیانبارەکانی ئەو ولاتانە بوە!!

**سەرچاوە کان ؛**


١_ Henry A. Kissinger . tragedy Kurds. Inyars Renewal. Newyork(Simon und schwester)

٢ـ لاپەرەی ٥١ کتێبی بەلگە نهێنیەکانی ئەمریکا کوردستان ـ عێراق.ـ

٣ـ لاپەرەی ٦٥ سەرچاوەی سەروو .

٤ ـ کتێبخانەی کندی ، فایلی ئەمنیەتی میللی، سری ولاتان، عەرەبستان سعودی ١/٦٣. ٣/٦٣

راگەیێندراوی بەڕێز م. بارزانی ٢٠١٥,١,٢٢

٥ ـ دەربڕینی نارزایەتی لە سەر کۆنفرانسی لەندەن بۆ تاوتوێکردنی تێرۆر بەشدارن کورد.

٦ـ هەواڵدەری رووداو لە واشنگتۆن سەبارەت بە وەلامی وتەبێژی کاخی سپی سەبارەت بە نارزایەتیی کورد لە سەر کۆنفرانسی لەندەن.

Tishk 37

گۆڤاری تیشک لە سەر ئینتێرنێت

www.kurdistanmedia.com
www.facebook.com/tishkmagazin
www: plus.google.com/+GovarTishk

E-mail:
tishk_mag@yahoo.com
tishkmagg@gmail.com


کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەری دەکا